


د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن

# ئیبن خەلدون و ئۆگست کۆنت

وەرگێرانی

دانا مەلا حەسەن


کتێبخانەی (PDF)

د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن

# ئیبن خەلدون و ئۆگست کۆنت

وەرگێڕانی: دانا مەلا حەسەن

سلێمانی - ٢٠٠٩

زنجیره کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (١٠٢)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیره
ئازاد بەرزنجی

# ناوەڕۆک


بەشی یەکەم ٧
ئیبن خەلدون
دەستپێک ٩
سۆسیۆلۆژیا و مێژوو ١٥
فەلسەفەی مێژوو ٢٣
ڕاڤەکردنی حەقیقەتی کۆبوونەوەی مرۆیی ٢٤
سیستم و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە (ئاوەدانکاریی مرۆیی) ٣٥
دابەشکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکان ٤٣
گۆڕانی کۆمەڵایەتی ٥٠
میتۆدی سۆسیۆلۆژیا ٥٧
کۆتایی ٦٥
پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی یەکەم ٦٧
بەشی دووەم ٧٣
ئۆگست کۆنت
پێشەکییەک لەسەر ژیان و کارەکانی ٧٥

ڕۆڵی سۆسیۆلۆژیا له لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەدا ٨٠
میتۆدی توێژینەوە ٩٠
جێگیری یان ستاتیکی کۆمەڵایەتی ٩٩
دینامیکیەت و گۆڕان ١٠٦
پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی دووەم ١١٧

# بەشی یەکەم
# ئیبن خەلدون

## دەستپێک

زانا و بیریارە ڕۆژئاواییەکان، وەک سۆسیۆلۆژیست و مێژوونووس و فەیلەسووفێکی عەرەبی، گرنگیی زیاتر بە ئیبن خەلدون (١) دەدەن، وەک لە زاناو بیریارە عەرەبە مسوڵمانەکانی دیکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی بوون و زانستی بوون و وردی ئیبن خەلدون، لە نووسینەکانیدا دەربارەی سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە و شارستانیەت و گرنگیی ئەو بابەتانەی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام داون و چارەسەری گونجاوی بۆ دۆزیونەتەوە و ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی زانستەکانی سەردەمی خۆیدا هەبووە. سەرەڕای ئەو کاریگەرییە دیارەی لەسەر دۆزینەوەی چەند شێوازێکی لێکۆڵینەوەی نوێ هەیبووە، کە زۆر بەخێرایی بوونە هۆی دەرکەوتنی زانستێکی نوێ کە لەوەوبەر مرۆڤ پەی پێ نەبردووە، بەتایبەت ئەو (سۆسیۆلۆژیا) یەی ناوی نابوو (زانستی ئاوەدانکاریی مرۆیی) و زانستی فەلسەفەی مێژوو. زانا و بیریارە ڕۆژئاواییە دادپەروەر و بابەتیەکان، دان بەوەدا دەنێن کە

ئیبن خەلدون، سۆسیۆلۆژیای دامەزراندووە و میتۆد و ناوەڕۆک و ڕەهەندەکانی دیاری کردووە، هەروەها سروشتی پەیوەندیشی بە زانستە کۆمەلایەتی و سروشتییەکانی دیکەوە دەستنیشان کردووە. گرنگیی زۆری داوە بە تێگەیشتن لە سروشتی مرۆیی و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگە و شارستانیەت لە سەدەی (١٤)ی زایینیدا (٢). لە کاتێکدا زانـاو بیریارە ڕۆژئاواییەکانی وەک (ڤیکۆ، تارد، ئۆگست کۆنت، هێربەرت سبنسەر) لەدوای سەدەی (١٨ و ١٩)ی زایینییەوە دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوە کۆمەلایەتییە زانستیەکانیان، کە پشت ئەستوورن بە سۆسیۆلۆژیا و ئاوەدانکاریی مرۆیی (٣). بەمەش ئیبن خەلدون پێیش زانا و بیریارە ڕۆژئاواییەکان کەوتووە لە دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیادا بە ماوەیەک کە زیاترە لە (چوار سەدە)، میتۆد و ناوەڕۆک و ڕەهەندە تیۆری و زانستییەکانی دیاری کردووە.

بەلام بابەتی فەلسەفەی مێژوو، کە ئیبن خەلدون بەر لە زانا و بیریارەکانی دیکە، توانیویێتی پەی پێ بەرێت، لە ڕێگەی ئیسپانیاوە گەیشتۆتە ئەوروپا و فەیلەسووف و بیریارە کۆمەلایەتیەکان و سیاسییەکانی ئەوروپا وەک (هیگڵ، مارکس، شبنجلەر، سومبارت، تۆینبی)، لە ڕاڤەکردنی یاساکانی ڕەوتی کۆمەڵگەکان و بزاوتی سیستم و دامەزراوەکان و دەرکەوتن و بەرزبوونە و ڕووخان و نەمانی شارستانیەتەکاندا، پشتیان پێ بەستووە (٤).

یەکەم کەس کە لە خۆرئاوا بایەخی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئیبن خەلدون داوە، بیریاری ئەڵمانی (فۆن هامەر)، بووە، کە لە ساڵی (۱۸۱۲ز) دا پەرتووکێکی لەسەر ڕووخانی شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی داناوە. لەو پەرتووکەیدا ئاماژە بە ئیبن خەلدون و دانراوەکانی دەدات، بەتایبەت پەرتووکی (المقدمە)، وە بە (مۆنتسکیۆی عەرەب) ناوی دەبات، لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا دانی بە ڕەسەنایەتی ئیبن خەلدوندا ناوە (٥). زانا و بیریارە ڕۆژئاواییەکان، چەندین پەرتووکی جۆربەجۆریان لەسەر ئیبن خەلدون داناوە، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:

- (ئیبن خەلدون: مێژوونووس و سۆسیۆلۆژیست و فەیلەسووف)، کە هی پرۆفیسۆر (ناسینال شمیت)ە.
- (ئیبن خەلدون: فەلسەفە کۆمەڵایەتیەکەی)، کە هی پرۆفیسۆر (جۆستۆن بۆتۆل)ە.
- (بیریارێکی عەرەبی لە سەدەی ١٤ی زایینیدا)، کە هی پرۆفیسۆر (لۆدویک کیمبلۆڤیچ)ە.
- (مێژووی فەلسەفەی مێژوو)، کە هی پرۆفیسۆر (ڕۆبەرت فلنت)ە.
- (لێکۆڵینەوەیەک لە مێژوو)، کە هی پرۆفیسۆر (ئەرنۆڵد تۆینبی)ە.

گشت ئەم پەرتووکانە ئاماژە بە ڕەسەنایەتی و لێهاتوویی ئیبن خەلدون دەکەن، لەو بوارانەی

لەسەری نووسیون، بەتایبەت بوارەکانی سۆسیۆلۆژیا و فەلسەفە و مێژوو. لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی ئاماژە بکەین بە کاریگەریی و بەدەستهێنان و جێماوەکانی ئیبن خەلدون، کە ئەو زانایانە لە پەرتووکەکانیاندا باسیان لێوە کردوون. پرۆفیسۆر (شمیت) دەڵێت: «ئیبن خەلدون، دامەزرێنەری فەلسەفەی مێژوو و سۆسیۆلۆژیایە» (٦). ئەوەش دەخاتە سەر وتەکانی، کە ئیبن خەلدون، بواری ڕاستەقینەی مێژوو و سروشتەکەی دۆزیوەتەوە و بەر لە (دەیڤد هیوم و تۆماس بوکڵ و هێربەرت سبنسەر) فەیلەسووف بووە و لە سۆسیۆلۆژیاشدا تا سنوورێک پێشکەوتووە کە ئۆگست کۆنت لە نیوەی یەکەمی سەدەی (١٩)دا نەیتوانیوە بیگاتێ (٧)، بەڵام پرۆفیسۆر (جۆستۆن بۆتۆل) لەبارەی ئیبن خەلدونەوە دەڵێت: «حەزێکی بێ وێنەی هەبووە بۆ لێکۆڵینەوە و تێڕامان، ئەمەش ڕێگەی بۆ خۆش کـردووە، لە ماوەیەکی کـورت و لەناو ژیانێکی سیاسیی پڕ پەشێوی و نائارامدا، پەرتووکێکی قەبە دابنێت، ئەویش (المقدمە)یە، کە هەموو خەسڵەتەکانی لێهاتوویی پێوە دیارە» (٨).

پرۆفیسۆری ئینگلیزی (ڕۆبـەرت فلنت) لە پەرتووکەکەیدا بە نـاوی (مێژووی فەلسەفەی مێژوو)، چەند زانیارییەکی بابەتی و متمانەپێکراو، سەبارەت بە ئیبن خەلدون دەخاتە ڕوو و دەڵێت: «ئەدەبی عەرەبی، خاوەن ناوێکە، لە دیارترین

ناوەکان، نە جیهانی کلاسیکی لە سەدە کۆنەکاندا و نە جیهانی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە بواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی مێژوو و کۆمەڵناسیدا، هیچ ناوێک نەیتوانیوە شان لە شانی ناوی ئیبن خەلدون بـدات» (٩). لە کۆتاییشدا پرۆفیسۆر (ئەرنۆڵد تۆینبی) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (لێکۆڵینەوەیەک لە مێژوو)، ئاماژە بە ڕۆڵی ئیبن خەلدون دەکات لە دانانی بەردی بناغەی بابەتی مێژوو و دەرکەوتنی لە هەردوو بواری فەلسەفەی مێژوو و سۆسیۆلۆژیادا، لەگەڵ توانا بێ وێنەکەی لە میتۆدەکانی توێژینەوەی مێژووییدا، ئەو میتۆدانەی مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان لە نووسین و شیکارە مێژووییە زانستییەکانیاندا لەسەری ڕۆیشتوون (١٠). ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ڕاوبۆچوونی چەند زانا و بیریارێکی ڕۆژئاوایی بوو، دەربارەی ڕەسەنایەتی و لێهاتوویی و زانستی بوونی ئیبن خەلدون.

ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەستیەتی، تیشک بخاتە سەر گرنگترین ئەو بەرهەمانەی ئیبن خەلدون بۆ بەرەوپێشبردنی لێکۆڵینەوەکانی سۆسیۆلۆژیا پێشکەشی کردوون و لە بابەتەکانی هەقیقەتی کۆبوونەوەی مرۆیی و پەیوەندیی نێوان سۆسیۆلۆژیا و مێژوو و دابەشکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکان و میتۆدی سۆسیۆلۆژیا و .... هتددا بەرجەستە دەبن، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەو نووسین و شیکارانە ناخاتە ڕوو کە خودی ئیبن خەلدون بۆ

ئەم بابەتانەی ئەنجامی داون، بەڵکو نووسینی زانا و بیریارە ڕۆژئاواییەکان دەخاتەڕوو، دەربارەی ئیبن خەلدون و ڕۆڵی لە گەشەدان و برەودان بە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی گشتی و لێکۆڵینەوەکانی سۆسیۆلۆژیا، بەشێوەیەکی تایبەتی. ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە حەوت بابەت دەکات، کە بڕبڕەی پشتی سۆسیۆلۆژیای خەلدونی پێکدەهێنن. ئەم باسکردنەش لە ڕاڤەکردن و شیکارکردنی زانا ڕۆژئاواییەکانەوە بۆ گرنگترین ئەو تیۆر و خستنەسەرە کۆمەڵایەتیانەی، کە ئیبن خەلدون بەدەستی هێناون، و لە پەرتووکی (المقدمە)دا، باسیان لێوە کراوە، سەرچاوە دەگرن. دەتوانین ئەو تەوەر و خستنەسەرانەش بەم شێوەیە ڕیزبەندی بکەین:

١. سۆسیۆلۆژیا و مێژوو.
٢. فەلسەفەی مێژوو.
٣. ڕاڤەکردنی حەقیقەتی کۆبوونەوەی مرۆیی.
٤. سیستم و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە (ئاوەدانکاری مرۆیی).
٥. دابەشکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکان.
٦. گۆڕانی کۆمەڵایەتی.
٧. میتۆدی سۆسیۆلۆژیا.

# سۆسیۆلۆژیا و مێژوو

پرۆفیسۆر (شمیت) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (ئیبن خەلدون) دەڵێت: «ئیبن خەلدون لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانیەوە دەربارەی کۆمەڵگەکان و شارستانیەتەکان سۆسیۆلۆژیای دامەزراند، ئەم شێوە لێکۆڵینەوانەش وای لێکرد ببێتە مێژوونووس و سۆسیۆلۆژیستێکی نـاوازە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و نووسیندا». ئیبن خەلدون بڕوای وایە مێژوو زانستێکە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی گشت دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی مرۆڤ، هەروەک چۆن لە ڕابردوودا ڕوویداوە(١١). ئەو زانستی مێژووەی ئیبن خەلدون پـەرەی بە شێوازی توێژینەوە و میتۆدیەکەی دا، بایەخ بە لێکۆڵینەوەی سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەدات، مێژوو بە تەنها تایبەت نییە لە ئاشکراکردنی فاکتەرەکانی دەرکەوتن و داڕمانی دەوڵەتەکان و بەرئەنجامەکانی سەرکەوتن و تێکشکان لە جەنگەکاندا و سروشتی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان گەلان و دەوڵەتان و فۆرمەکانی حکومەت و دەزگاکانی حوکم، بەڵکو گرنگیش دەدات بە لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای چیەتی و سروشتی ئەو پیشانەی کە خەڵکی و بازرگانە ناوخۆیی و دەرەکیەکان هەیانە کە ئابووری

دەوڵەتان و پەرەسەندنی هونەرەکان و زانست و فەلسەفە و ئایین لە سەردەمە جیاوازەکاندا و گشت ئەو فاکتەر و هێزانەش پشتی پێ دەبەستن کە کاردەکەنە سەر سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی فەرمی و نافەرمی، تایبەتی و گشتی، بابەتی و خودی، بەڵام ئەو بابەتانەی مێژوونووس لێیان دەکۆڵێتەوە، وەک ئیبن خەلدون دەستنیشانیان دەکات، هەمان ئەو بابەتانەن کە سۆسیۆلۆژیستەکان بایەخیان پێ دەدەن و پسپۆڕن لە لێکۆڵینەوەیاندا. لەبەرئەوە پرۆفیسۆر (شمیت)، ئاماژە بەوە دەدات، ئیبن خەلدون بڕوای وایە، مێژوو سۆسیۆلۆژیایە و سۆسیۆلۆژیاش مێژووە (١٢). لەگەڵ ئەوەشدا ئیبن خەلدون بەوپەڕی لێهاتوویییەوە جیاوازیی نێوان سۆسیۆلۆژیا و مێژوو دیاری دەکات، دەبێت ئەوەش بزانین، ناوەڕۆک و سنووری مێژوو زۆر فراوان دەکات و زۆر ئەرک و بارگرانی دەخاتە ئەستۆی مێژوو کە لە بواری پسپۆڕی ئەودا نین، لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانین، چەند جیاکارییەک دابنێین لەنێوان ئەوەی کە مێژووە لەگەڵ ئەوەدا کە سۆسیۆلۆژیایە. تاوەکو هەریەک لەم دوو زانستە پسپۆڕی لەو بابەتانەدا وەربگرن کە لەلایەن پسپۆڕانەوە بۆیان دەستنیشان کراوە.

گرنگترین جیاوازیی نێوان مێژوو و سۆسیۆلۆژیا ئەوەیە، مێژوو بە تەنیا لەوە دەکۆڵێتەوە کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە، لە کاتێکدا سۆسیۆلۆژیا

لە دیاردە و پرۆسە و کارلێکە کۆمەڵایەتییە ئێستاییەکان دەکۆڵێتەوە (١٣). هەندێکجار بە ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکەیدا دەچێتە خوارەوە بۆئەوەی لە ئێستایان تێبگات، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە ئێستا و ڕابردوو دەتوانین پێشبینیی داهاتوو بکەین و ئاراستە و ڕێڕەوەکانیشی دیاری بکەین.

جیاوازیی دووەم لەنێوان ئەم دوو زانستەدا ئەوەیە، مێژوو گرنگی بە تۆمارکردنی تەنها ڕووداوێک دەدات کە لە ڕابردوودا ڕوویداوە و بۆتە هۆی ڕوودانی چەند ڕووداوێکی دیکە، لە کاتێکدا سۆسیۆلۆژیا گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تاکە ڕووداوێک نادات، بەڵکو گرنگی بە کۆپاشا ڕووداو و گۆڕاو دەدات و هەوڵ دەدات بەیەکیانەوە ببەستێتەوە کە پشت بە حەقیقەتی بوونی کۆمەڵایەتی دەبەستێت بە سەرجەم لایەنە گشتی و تایبەتی و پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ و دیار و شاراوەکانیەوە (١٤). جیاوازیی کۆتاییش لەنێوان ئەم دوو زانستەدا، وەک پرۆفیسۆر (شمیت) جەختی لەسەر دەکاتەوە و دەیگێڕێتەوە بۆ ئیبن خەلدون ئەوەیە، مێژوو لە پێکهاتەکانی شارستانیەت دەکۆڵێتەوە وەک: کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، ڕاو، هونەرەکان، وێژە، زانستەکان، فەلسەفە، ئایین، دامەزراوە مەدەنی و ڕۆحی و سیاسییەکان، جەنگەکان، دیبلۆماسیەت و بەڕێوەبردن، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ورد (١٥). لە کاتێکدا سۆسیۆلۆژیا لە سیستمی

کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە بە هەموو دامـەزراوە و سیستم و ڕۆڵ و دیـاردە و کارلێک و پرۆسە و بەدەستهێنراوەکانیانەوە، لێکۆڵینەوەیەکی گشتی کە بەدوای هۆکار و دەرەنجامەکاندا دەگەڕێت و هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی زانستیی هاوسەنگ دیاردەیەک و دیاردەیەکی دیکە، فاکتەرێک و فاکتەرێکی دیکە، دامـەزراوە یاخود سیستمێکی لاوەکـی و دامەزراوەیەکی دیکە بەیەکەوە ببەستێتەوە (١٦).

کـەواتـە مێژوو لای ئیبن خـەلـدون تۆماری ڕابـردووە، لە کاتێکدا سۆسیۆلۆژیا بەشێوەیەکی زانستی و بابەتی هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە ئێستا و پشت بەوە دەبەستێت کە بوونەوەرە و حەقیقەتە، سەرەڕای ئەو جیاوازییە جەوهەریانەی ئیبن خەلدون ئاماژەی پێ داون، لەنێوان ئەم دوو زانستەدا. لەهەمانکاتدا وەک لە پەرتووکەکەی (شمیت)دا هاتووە: (ئیبن خەلدون جەخت لەسەر ڕووی لەیەکچوون و ئەو پەیوەندییە پەرەسەندووە دەکاتەوە کە لەنێوان سۆسیۆلۆژیا و مێژوودا هەیە)، مێژوو بریتیە لە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیا لە ڕابـردوودا، وەک لێکۆڵینەوە لە شارەکان و شارستانیەتەکان و کۆمەڵگەکان و دەوڵەتە کۆنەکان، بەڵام سۆسیۆلۆژیا، بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە ئێستا، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی پشت بەستوو بە پەیوەندیی کارلێکردووی نێوان ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە و شارستانیەت.

هەروەک چۆن هەموو زانستێک سوود لە زانستەکانی دیکە وەردەگرێت، بەهەمان شێوە مێژوونووس، کۆپاشا زانیاریی مێژوویی بەنرخ دەربارەی ڕابردووی ڕۆڵ و دامەزراوە و ستراکتۆری دەوڵەتان و شارستانیەتەکان بە سۆسیۆلۆژیست دەبەخشێت، سۆسیۆلۆژیستیش کۆپاشا تەکنیک و شێواز و ڕێگەی گشتی بە مێژوونووس دەبەخشێت کە فاکتەر و ئەنجام، دیاردەیەک و دیاردەیەکی دیکە، فاکتەرێک و فاکتەرێکی دیکە بەیەکەوە دەبەستێت (١٧). ئەم شێوە ڕێگەیەش مێژوونووس بۆ ئاشکراکردن و دۆزینەوەی ڕووداوێک پشتی پێ دەبەستێت کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە و لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە فاکتەرەکانی و شوێنەوارە تایبەتی و گشتیەکانی.

پرۆفیسۆر (ئەبراهام) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (دەرکەوتن و پەرەسەندنی سۆسیۆلۆژیا) دەڵێت: «لێهاتوویی ئیبن خەلدون لە لێکۆڵینەوەی مێژوودا، لەوەدا دەردەکەوێت، کە لە ڕاڤەکردنیدا زانیارییە مێژوویی و حەقیقەتە کۆمەڵایەتیەکان تێکەڵ دەکات و میتۆدێکی گشتی پراکتیزە دەکات، کە سۆسیۆلۆژیا لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە مێژووییەکانیدا پشتی پێ دەبەستێت» (١٨).

ئیبن خەلدون لە پەرتووکی دووەمی (المقدمە) دا کۆمەڵێک بەدواداچوونی زانستی ئەنجام داوە سەبارەت بە کەلەپووری ئەو مێژوونووسانەی پێش

خۆی دەربارەی مێژووی عەرەب و ئیسلام شتیان نووسیوە، وەک (ئیبن هیشام، ئیبن ئیسحاق، واقیدی، بەلازەری، ئیبن عەبدولحەکەم، تەبەری، مەسعودی، ئیبن ئەسیر)، بیروڕاکانی هەندێکیان ڕەت دەکاتەوە، چونکە بڕوای وایە ئەمانە دروستکراو و هەڵبەستراون و بەگوێرەی مۆرکی شتەکان و یاساکانی ئاوەدانکاری ڕوودانیان مەحاڵە و گومان لە ڕاست و دروستی زۆریاندا هەیە و ئەم لێکۆڵینەوانە جێی گومانن، لە پەرتووکی (المقدمە)دا بڕیاری لەسەر ئەم لێکۆڵینەوانەی داوە، دەربارەی کۆمەڵبوونی مرۆیی و میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی و ڕێساکانی پشکنینی مێژوویی.

کتێبی دووەمی (المقدمە)ی ئیبن خەلدون کە تایبەتە بە مێژووی عەرەب، لەڕێی ئەو تێبینی و خوێندنەوە تایبەتیانەی خۆیەوە پێی گەیشتووە، هیچ کام لە مێژوونووسە عەرەبەکانی پێش خۆی، پێی نەگەیشتوون، ئەو سەرچاوانەشی لە سەردەمی ئەودا هەبوون، بە ئێمە نەگەیشتوون و لەناوچوون. لێرەشدا وەک پرۆفیسۆر (جوستن بۆتۆل) ئاماژەی پێ دەدات، ئیبن خەلدون لە بەکارهێنانی میتۆدی سۆسیۆلۆژیا بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و زانیارییە مێژووییەکان سەرکەوتوو بووە (١٩). بەتایبەتی کاتێک باس لە دەوڵەتی ئیسلام دەکات، لە (سقلیە)، هەروەها کاتێک باس لە مێژووی تایفەکان دەکات لە (ئەندەلوس) و مەمالیکە نەصرانییەکان لە (ئیسپانیا)

و مێژووی دەوڵەتی بەنی ئەحمەر لە (غەرناتە).
زۆرێک لە زانا ڕۆژئاواییەکانی ئێستا، ئاماژە بە گرنگی و بایەخی ئەو توێژینەوانە دەکەن کە ئیبن خەلدون لە بواری مێژوودا سازی کردوون، لەوانە (دوزی)، وەسفی ئەوە دەکات، ئیبن خەلدون لەسەر مێژووی مەسیحیەت لە ئیسپانیا نووسیویەتی، وە بڕواشی وایە وێنەی نییە و هەرگیز لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، توێژینەوەیەکی دیکە ئەنجام نەدراوە لەلایەن زانا ڕۆژئاواییە مەسیحیەکانەوە، کە بتوانرێت بەراورد بکرێت بەوەی ئیبن خەلدون (٢٠).

ئەو بەشەشی کە تایبەتە بە مێژووی بەربەریەکان، ئیبن خەلدون لە پەرتووکی سێیەمدا خستویەتیەڕوو، زۆر لە بەشەکانی دیکە بەهێزترە و بەدواداچوون و نوێگەریی زیاتریشی تێدایە لە توێژینەوە مێژووییەکانی دیکە. زۆربەی ئەو زانیاریانەی لەو پەرتووکەدا هاتوون، لە سەرچاوەی نووسراوەوە وەری نەگرتوون، بەڵکو لە تێبینی و سەرنجەکانی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە، چۆتە ناو خێڵە جیاوازە بەربەریەکانەوە و لەنێوان دەوڵەتە عەرەبیەکاندا هاتوچۆی کردووە. لێرەدا پرۆفیسۆر (شمیت) دەڵێت: «ئیبن خەلدون، کاتێک لەگەڵ و نەتەوە و شارستانیەتەکانی کۆڵیوەتەوە، (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی)، پشتی بە تێبینیکردن و بینین و بەشداریکردن بەستووە، کە یەکێکە لەو ڕێگە میتۆدیانەی سۆسیۆلۆژیا لە توێژینەوە مەیدانیەکانیدا پشتی پێ بەستووە» (٢١). لە کۆتاییشدا پێویستە

بڵێین، ئیبن خەلدون بۆ تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لە مێژوو، پشتی بە سۆسیۆلۆژیا بەستووە و لە ڕاڤەکردنی ڕووکارەکانی ئاوەدانکاریی مرۆیی و ئەو دیاردە و پرۆسە و کارلێکە کۆمەڵایەتیانەی لە خۆی دەگرێت و ئەو فاکتەر و هێزە بابەتی و خودیانەشی کاری تێ دەکەن، پشتی بە حەقیقەتە مێژووییەکان بەستووە، لەبەرئەوە ئیبن خەلدون لە یەک کاتدا مێژوونووس و سۆسیۆلۆیستێکی بەتوانا و لێهاتوو بووە.

## فەلسەفەی مێژوو

ئیبن خەلدون دیاردەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی بەراورد دەکات بە دیاردەکانی کۆمەڵگەی ئاژەڵی، هەروەک چۆن تاکە کێوییەکان و تاکە شارستانیەکان بەراورد دەکات بە ئاژەڵە کێوی وماڵییەکان، وەک پرۆفیسۆر (شمیت) پێمان ڕادەگەیەنێت. ئیبن خەلدون بڕوای وایە گشت بوونەوەر و دروستکراوە زیندووەکان، بە مرۆڤیشەوە مل بۆ کۆپاشا یاسای گەشەکردن و لەناوچوون و هەڵوەشان کەچ دەکەن. بەهەمان شێوە لە ڕاڤەکردن و دەرکەوتن و لەناوچوونی خێزان و میرنشین و ڕێکخراوە سیاسیەکانیشدا پشت بەم یاسایانە دەبەستێت و پراکتیزەیان دەکات، تەنانەت بەسەر هونەر و وێژە و زانستەکانیشدا (٢٢). پرۆفیسۆر (کیمبلۆڤیچ) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی

(بیریارێکی عەرەبی لە سەدەی ١٤ی زایینیدا)
دەڵێت: «ئیبن خەلدون، لە کۆمەڵگەی کۆڵیوەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، کە دەڵێت کۆمەڵگە بە چەند قۆناغێکی مێژوویی یەک لەدوای یەکدا تێپەر دەبێت» (٢٣). هەموو قۆناغێکی شارستانیش بەستراوە بە قۆناغە شارستانیەکەی پێش خۆیەوە، لێکۆڵینەوەش لە ڕابردوو، یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ئێستا و پێشبینیکردنی داهاتوو، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی چەند یاسایەکی گشتییەوە کە بەدرێژایی چاخەکان ڕەوتی کۆمەڵگەکان و شارستانیەتەکان بەڕێوە دەبەن.

(کیمبلۆڤیچ) شتێکی دیکەش سەربار دەخات و دەڵێت: «فەلسەفەی مێژوویی ئیبن خەلدون و پراکتیزەکردنی لەسەر کۆمەڵگە مرۆییەکان، زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو قۆناغە مێژووییانەی کۆمەڵگەی مرۆیی پیایاندا گوزەر دەکات»، ئیبن خەلدون سوودی لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە وەرگرتووە و یاسایەکی سەرەکی هەڵێنجاوە کە بزاوتی کۆمەڵگە مرۆییەکان بەڕێوە دەبات، ئەویش یاسای سێ قۆناغەکەی کۆمەڵگەیە، کە سوودێکی گەورەی بە ئێمە گەیاندووە. هەموو کۆمەڵگەیەک هەر دەبێت بە ڕێڕەوە سروشتییەکەیدا بڕوات، قۆناغی دروستبوون و پێکهاتن، قۆناغی پێگەیشتن و کامڵبوون، لە کۆتاییشدا قۆناغی پیربوون و مردن. لەسەر پاشماوەی ئەم کۆمەڵگەیەش، کۆمەڵگەیەکی دیکە

دروست دەبێت و بەهەمان ئەو قۆناغانەشدا دەڕوات کە کۆمەڵگەکەی پێش خۆی پیایاندا ڕۆیشتوە. وەک ئیبن خەلدون دەڵێت: «بزاوتی کۆمەڵایەتی لە سوڕانەوەیەکی بەردەوامدایە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نەپچڕاو، ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیەنێت، کۆمەڵگە مرۆییەکان ناوەستن، مردن، یاخود فەنابوونی سیستمەکانی کۆمەڵگە، خاڵی کۆتایی و سەرەتاشە لەیەک کاتدا» (٢٤). کاتێک کۆمەڵگەیەک کۆتایی دێت، هەر دەبێت کۆمەڵگەیەکی دیکە درێژە بە ڕەوتەکەی بدات. کۆمەڵگە مرۆییەکانیش، هەرچەندە بەشێوەیەکی حەتمی مل بۆ ئەو سوڕانەوە بەردەوامە کەچ دەکەن، بەڵام ئەم یاسایە بە جیاوازیی کۆمەڵگە مرۆییەکان، توندی و پلەکەی دەگۆڕێت. هەندێک کۆمەڵگە، ماوەیەکی دووردرێژ، لە قۆناغی پێگەیشتندا دەمێننەوە و هەندێکی دیکەیان بەرگری لە پیربوون دەکەن و هەندێکی دیکەشیان بە هەرزەکاری دەمرن.

هەر لەبارەی بابەتی فەلسەفەی مێژووەوە، پرۆفیسۆر (جۆستۆن بۆتۆل) ئەوەندەی لەڕووی دەرکەوتنی دەسەڵات و بەرزبوونەوە و گەورەبوون و پاشان لاواز بوون و لەناوچوونی ئەو دەسەڵاتەوە لە ئیبن خەلدون گەیشتووە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئیبن خەلدون دەڵێت: «بۆئەوەی خێزانێک دەسەڵات بگرێتە دەست، بێگومان تەنها پشت بە هێزی سەرکردەکانی نابەستێت، بەڵکو

پێویسته پشت به یارمەتی گرووپێک، یاخود حزبێکی لایەنگری خۆشی ببەستێت، لێرەشەوە سەرکەوتن و باڵادەستی خێزانە فەرمانڕەواکان و دەستڕۆیشتنیان پشت ئەستوور بوون بە چەند خێڵێکی بەپەرۆش و دڵسۆز، کە هەڵگری دەمارگیرییەکی بەهێز بوون و لەوانیشەوە سەربازی ئازا و دڵسۆز، سەرچاوە دەگرن کە پشتگیریی فەرمانڕەوایی خێزانەکان دەکەن و خەبات دەکەن لەپێناو دەرکەوتنی دەوڵەتێکی بەهێز و ئیمپراتۆریەتێکی گەورە وپەلهاویشتوودا» (٢٥). پاشا، یاخود سوڵتانی نوێ بەگشتی، بەشێکە لەو خێڵەی یارمەتی داوە بۆ گەیشتنی بە دەسەڵات، ئەمەش لە گشت خێزانەکانی ئەفریقای باکوور و ئیسپانیادا بەدی دەکرێت، ئەندامی خێڵێکی چاونەترس، وەک دەستەیەکی سوپا وان، لە کۆپاشا پلەدار و ئەفسەر و سەرباز پێک دێن و دەوڵەت پشتیان پێ دەبەستێت.

ئەمەش قۆناغی یەکەمە کە دەوڵەت پیایدا گوزەر دەکات، بەڵام زۆر بەخێرایی ئەو دەوڵەتە زۆر بەهێز دەبێت، بەهۆی زۆری لایەنگرانیەوە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و بووژانەوەی چالاکییەکانی لە سەرجەم ئاستەکاندا و بەدەستهێنراوەکانیەوە، لە کۆتاییشدا بەزاندنی سنوورە جوگرافیەکەی خۆی بەهۆی سەرکەوتنە سەربازییەکانیەوە بەسەر خێڵ و نەوەکانی دیکەدا، تەنانەت بەسەر دەوڵەتە بچووکەکانی دیکەشدا. دوای ئەوەی ئەم دەوڵەتە، دەگاتە ترۆپکی باڵادەستی، هەر دەبێت ڕووەو لاوازی و لەناچوون و

تێکشکان بڕوات (٢٦) ﴾ بەڕای ئیبن خەلدون کۆپاشا فاکتەر لە پشت ئەم لاوازی و تێکشکانەوەن. کە پرۆفیسۆر (بۆتۆل) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (ئیبن خەلدون و فەلسەفە کۆمەڵایەتیەکەی). لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتیان دەکاتەوە:

### ١. فاکتەرە سیاسی و سەربازیەکان:

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فراوانبوونی دەوڵەت و ئەو تەنگ و چەڵەمانەی دێنەڕێی فەرمانڕەوا، بۆ فەرمانڕەوایەتیکردنی ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر دەسەلاتیەوە و زۆر لێوەی دوورن، هەروەها توانای نییە پارێزگاری لە سنوورە دوورەکانی دەوڵەتەکەی بکات، ئەمەش بەسەر ئەو فراوانخوازیەدا دەچەسپێت کە عەرەبەکان کردوویانە.

### ٢. ئەو فاکتەرانەی دەگەڕێنەوە بۆ پلەی شارستانیەتی خێڵە داگیرکارەکان:

ئەگەرئەوشارستانیەتە لاوازتربێت لە شارستانیەتی ئەو ناوچانەی دەسەلاتیان بەسەردا سەپاندوون، ئەوە دەبێتە هۆی نائارامی و تێکچوونی ترسناک، کە بە ڕووخانی دەوڵەتی داگیرکار و لاوازبوونی دەوڵەتە نوێکە کۆتایی دێت. ئیبن خەلدون ئەم حاڵەتە بە نێگەتیڤ و هاودژی نێوان ژیانی سەربازی توندوتیژانە (داگیرکاران) لەگەڵ ئەو ژیانە مەدەنییە شارستانیەی هەڵگری نەرمونیانییە (ئەندامانی وڵاتە داگیرکراوەکە) وەسف دەکات.

**٣. ئەو ناكۆكيانەی بەردەوام لەنێوان پاشاكان و ئەندامانی ئەو خێڵەدا ڕوودەدەن، كە خۆيان بەشێكن لێی:**

لە سەرەتادا پاشا دەرک بەوە دەكات، قەرزاری پياوانی خێڵەكەيەتی، لەبەرئەوە هەڵدەستێ بە دابەشكردنی چەند پلەوپايەيەكی دەوڵەت بەسەرياندا، ئەو خەڵكانەش چاوچنۆكی زاڵ دەبێت بەسەرياندا و حەزی ديكتاتۆريەت لايان سەرهەڵدەدات، تەنانەت هەندێكيان حەزدەكەن دەسەڵات لە پاشا بسەنن و تاک دەسەڵاتی پەيرەو بكەن. لەبەرئەوە پاشا وردەوردە دەسەڵات لە پياوانی خێڵەكەی دەسێنێتەوە و دەيدات بەو بيانيانەی فەرمانڕەوايی دەكەن، لێرەوە ناكۆكی لەنێوان پاشا و ئەندامانی خێڵەكەی و ئەوانی ديكە و بيانيەكاندا سەرهەڵدەدات، ئەم ناكۆكيەش پايەی دەوڵەت دەڕوخێنێت و لەناوی دەبات (٢٧).

**٤. فاكتەرە مەعنەوی و شارستانيەكان:**

ئەم فاكتەرە لە پشت بەستنی ئەندامانی خێزانی دەسەڵاتدار و خزمەكانيان و خاوەن پلەوپايە بەرزەكانی دەسەڵاتی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت كە ڕوو لە ژيانی شارستانی و خۆشگوزەرانی دەكەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی توندوتيژييە سەربازيەكەيان لەدەست بدەن، لێرەشەوە تەنانەت كەسە دڵسۆزەكانی خێزانی دەسەڵاتداريش، كاتێک

ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، توانای پارەتیدانیان نامێنێت، لەبەرئەوە ئەو دەوڵەتە دەڕوخێت و دەوڵەتێکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە.

### ٥. فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان:

ئـەم فاکتەرە پەیوەستە بـە پەرەسەندنی کۆمەڵگەوە، پەرەسەندنێک تـاڕادەیـەک دەگاتە بەرزترین پلەی کامڵی، بەڵام دوای ئەوە وردەوردە کۆمەڵگە دەست بە داڕووخان دەکات و هیچ هێزێک ناتوانێت ئەم داڕووخانە بوەستێنێت (٢٨).

ئیبن خەلدون هەوڵ دەدات ئەو بەڵگانە بخاتە ڕوو، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، خێزانی فەرمانڕەوا، یاخود دەوڵەتی هەڕەشەلێکراو، ناتوانێت خۆی لەو داڕووخانە ڕزگار بکات. ئەم داڕووخانەش لە تێگەیشتنی ئیبن خەلدوندا گوزارشتە لە جێگرتنەوەی گرووپی فەرمانڕەوا لەلایەن گرووپێکی دی!!

# ڕاڤەکردنی حەقیقەتی کۆبوونەوەی مرۆیی

زانـای فەڕەنسی (مۆنیە) دەڵێت: «ئیبن خەلدون، بڕوای وایە کۆبوونەوەی مرۆیی کارێکی سروشتی و پێویستە» (٢٩). مرۆڤ بە سروشتی خۆی مەدەنییە، واتـا لەناو کۆمەڵگەدا نەبێت ناتوانێت بژی و ناشتوانێت بگاتە کامڵی، تەنها لەناو گروپدا نەبێت، چونکە خواست و حەزی تاک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، هەستێکی خۆرسکە و پاڵی پێوە دەنێت بۆ هۆگربوون بە برا مرۆڤەکەیەوە. هەروەک چۆن خواستی کۆمەڵایەتی بە خواستێکی خۆکرد هەژمار دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی سۆزێکی خۆرسکییە. بەمەش، دەتوانین ئیبن خەلدون بە لایەنگرانی هزری پەیمانبەستن دابنێین کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر دادەمەزرێت.

بەڵام سەبارەت بە پێویستیی کۆمەڵایەتی، ئەوا لە پێویستیی تاکەکاندا، بۆ هاوکاریکردن، بەمەبەستی تێرکردنی پێداویستییە ئابووریەکانیان و پارێزگاریکردن لە خۆیان، ڕەنگ دەداتەوە. هەر دەبێ تاکەکان هاوکاری یەکدی بکەن، لەپێناو بەدەستهێنانی هێز و پارێزگاریکردن لە خۆیان بەرامبەر ئاژەڵە دڕندەکان. بە تەنها تاکە کەسێک

ناتوانێت خۆراکی خۆی بەدەست بهێنێت، بۆیە لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو هێزەی بەردەوامی بە ژیانی ئەو و ئەوانی دیکە دەدات، پێویستە هاوکاری ئەوانی دیکە بکات. هەروەها مرۆڤێک بە تەنها لەتوانایدا نییە ڕووبەڕووی ئاژەڵی دڕندە ببێتەوە، بۆیە پێویستە لەسەری، هاوکاری ئەوانی دیکە بکات بۆ دروستکردنی چەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاژەڵە دڕندەکان. ئەگەر مرۆڤ هاوکاری ئەوانی دیکە نەکات، ئەوا ناتوانێت ڕووبەڕووی مەترسیی ئاژەڵە دڕندەکان بوەستێتەوە، واتا لە ماوەیەکی کورتدا تووشی لەناوچوون و فەنابوون دێت (٣٠).

وەک (مۆنیە) پێمان ڕادەگەیەنێت، ئیبن خەلدون دەڵێت: «هەر کاتێک، پێویستیی بەکۆمەڵایەتیبوون لای خەڵکی هاتەدی و توانیان بەردەوام بن و بمێننەوە، ئەوا دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات تاکو پەیوەندییەکان ڕێک بخات، ڕێکخستنێک کە جێگیریی کۆمەڵگە و گەشەکردنی دەستەبەر بکات». سەرهەڵدانی دەسەڵاتیش لە دەرکەوتنی پاشادا بەرجەستە دەبێت کە سەرۆکایەتیی دەوڵەت دەکات و فەرمانڕەوایی گەل دەکات و پەیوەندییەکان لەگەڵیدا لەسەر شێوەی پەیمانبەستن دەبێت. ئەو پەیوەندییانەی ماف و ئەرکەکانی پاشا و ماف و ئەرکەکانی گەل دیاری دەکات. دەبێت ئەوەش بزانین، ئامانجی دەوڵەت، بڵاوکردنەوەی پرەنسیپی دادپەروەری و ڕێگریکردن

له ستەمکاری و قۆستنەوە و خزمەتکردنی گەلە لەمیانەی ئەو ئەرک و خزمەتگوزارییە بەرچاوانەوە کە پێشکەشیان دەکات.

بەڵام پرۆفیسۆر (شمیت) دەڵێت: «ئیبن خەلدون لە پەرتووکەکەیدا (المقدمه) هەوڵێکی زۆری لەپێناو ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی مرۆییدا داوە، لەم لێکۆڵینەوەشیدا پشتی بە سێ بنەمای سەرەکی بەستووە، ئەوانیش:

١. پێویستیی ژیانی کۆمەڵایەتی.

٢. سروشتی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ (٣١).

٣. کارگێڕیی هۆشیارانەی مرۆڤ، لە بەدیهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و گەیشتن بە ئامانجە نزیک و دوورەکانی».

مرۆڤ، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ئەم سروشتە کۆمەڵایەتییەش بەرەو پێکهێنانی زنجیرەیەک پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبات، کە دەتوانین بەسەر چەند جۆرێکی جیاوازی هەماهەنگیی کۆمەڵایەتیدا پۆلێنیان بکەین، وەک: هەماهەنگیی خێزانی، هەماهەنگیی ئایینی، هەماهەنگیی سیاسی، هەماهەنگیی ئابووری. دەبێت ئەوەش بزانین، گەشەکردنی ئەم فۆرمانەی هەماهەنگی بنچینەی ئاوەدانکاریی مرۆیین، کە هەمان شێوە جیاوازەکانی هەماهەنگی لەخۆوە دەگرێت، وەک: ئاوەدانکاریی سیاسی و ئاوەدانکاریی ئابووری و ئاوەدانکاریی ئایینی و

ئاوەدانکاریی پەروەردەیی و ..... هتد.

بەڵام پرۆفیسۆر (بۆتۆل) دەڵێت: «خاڵی دەستپێک لە تیۆری ئیبن خەلدوندا ئەوەیە، کۆمەڵگە دیاردەیەکی سروشتییە، وە ئەو فاکتەرە سەرەکیانەش ڕوون دەکاتەوە، کەوا لە خەڵکی دەکەن یەک بگرن، بۆئەوەی لە کۆمەڵگەدا بژین، هۆکاری ئەمەش، دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەری سەرەکی، یەکەمیان تەواوکاریی (التکامل) ئابوورییە، کە یەکێک لە شوێنەوارەکانی دابەشکردنی کارە».

ئیبن خەلدون لە پێشەکی (المقدمە)دا دەڵێت: «مرۆڤێک بە تەنها ناتوانێت پێداویستییەکانی لە خۆراک دابین بکات، بۆیە هەر دەبێت لەگەڵ ژمارەیەکی گەورەی ڕەگەزی خۆی کۆببێتەوە، بۆئەوەی خۆراک بۆ خۆی و بۆ ئەوانیش دابین بکات. بەهۆی هاوکاریکردنەوە، بڕێکی زۆر زیاتر لە پێداویستییەکانیان دابین دەبێت». سەرەڕای ئەم فاکتەرە ئابووریانە، باسیش لە فاکتەری ئارامی و ئاسایش دەکات، کە وا لە تاکەکان دەکات، لە خێڵەکان، یاخود شارەکاندا کۆببنەوە، بۆئەوەی بتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن دژی دوژمنکاری. لە کۆتاییشدا خەڵکی پێویستیان بە دەسەڵات و حکومەت هەیە، ئەم خەسڵەتەش تایبەتە بە مرۆڤەوە (٣٢). ئەمەیە مانای پاشا، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، مرۆڤ پێویستی بە دەسەڵاتێک هەیە، فەرمانڕەوایی بکات و ئەرک و مافەکانی

دیاری بکات، سەرەڕای ئەوەی ئەرک و مافی ئەو دەسەڵاتەش دیاری دەکرێت، کە حوکمیان دەکات و پاشا، یاخو خەلیفە دەستی بەسەردا دەگرێت.

لە کۆتاییدا پرۆفیسۆر (دیکن میشیل) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (فەرهەنگی سۆسیۆلۆژیا)، باس لە چەند حەقیقەتێکی گرنگی تیۆرە کۆمەڵایەتیەکەی ئیبن خەلدون دەکات و دەڵێت: «ئیبن خەلدون، تەنها بەوەوە نەوەستاوە کە بڕیار لەسەر ئەوە بدات، کۆمەڵگە ڕاستییەکە و پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە و سۆسیۆلۆژیاش ئەو زانستەیە، کە لە کۆمەڵگەی مرۆیی و بەرئەنجامەکانی دەکۆڵێتەوە، بەڵکو زۆر لەمە زیاتر هەوڵی داوە و پێویستیی کۆمەڵایەتی شیکار کردووە و ئەو پاڵپشتانەشی ئاشکرا کردووە کە لەسەریان دادەمەزرێت و دەڵێت: «بەکۆمەڵبوونی مرۆیی پێویستە، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی شارستانییە»، لە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەشدا لەسەر هەمان ڕێڕەوی بیریارەکانی پێش خۆی دەڕوات، وەک (ئەرستۆ و فارابی)، بڕیار لەسەر ئەوەش دەدات، کە تاک تەنها بە خۆی قایل نابێت، ئەمەش پاڵی پێوە دەنێت بۆ هاوکاریکردن و بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵدا. پاشانیش هەماهەنگی دروست دەبێت، کە بە یەکێک لە بەهێزترین ئەو پاڵپشتانە هەژمار دەکرێت کە کۆمەڵگەیان لەسەر دروست دەبێت (٣٣).

# سیستم و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە (ئاوەدانکاریی مرۆیی)

پرۆفیسۆر (شمیت) لە پەرتووکەکەیدا دەربارەی ئیبن خەلدون، ئاماژە بەوە دەکات، ئیبن خەلدون تەنها لەڕووی گەشەکردن و پەرەسەندنەوە بوونەوەری کۆمەڵایەتی بەراورد ناکات بە بوونەوەری ئاژەڵی، بەڵکو لەڕووی ڕەگەزە پێکهێنەر و تەواوکارییەکانیشیانەوە بەراوردیان دەکات لەگەڵ یەکدیدا. هەردوو بوونەوەرەکە (کۆمەڵایەتی و ئاژەڵی) لە چەند ڕەگەزێکی بوونیادی و ئەرکەکی تەواو، پێکدێن. هەروەک چۆن بوونەوەری ئاژەڵی لە چەند ئەندام و دەزگایەکی بایۆلۆژی تەواو پێکدێت، کە بۆ مانەوە و بەردەوامیی بوونەوەرەکە گرنگن، بوونەوەری کۆمەڵایەتیش (کۆمەڵگە) لە چەند سیستمێکی کۆمەڵایەتیی لاوەکی، یاخود چەند دامەزراوەیەک پێک دێت کە ئیبن خەلدون ناویان دەنێت دیاردەکان، یاخود بەشەکانی ئاوەدانکاریی مرۆیی، وەک ئاوەدانکاریی ئابووری، ئاوەدانکاریی ئایینی، ئاوەدانکاریی سیاسی، ئاوەدانکاریی سەربازی، ئاوەدانکاریی خێزانی، ئاوەدانکاریی پەروەردەیی و فێرکاری، ئاوەدانکاریی کۆمەڵایەتی، ئاوەدانکاریی بەهایی و ئاوەدانکاریی ئاکاری و...

هتد. ئەم بەشانەی ئاوەدانکارییش یەکدی تەواو دەکەن، هەرکامێکیان گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئەوانی دیکە، لێرەشەوە لە ماوەیەکی دووروودرێژدا گۆڕانکاری لە بوونیاد و فۆرمی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات.

ئیبن خەلدون لە پەرتووکەکەیدا (المقدمه) شەش بەشی سەرەکی بۆ جۆرە جیاوازەکانی ئاوەدانکاریی مرۆیی تەرخان دەکات. ئاوەدانکارییەکی مرۆیی، پەیوەست بە کاریگەریی ژینگەی جوگرافی لەسەر ڕەنگی مرۆڤەکان و ئاکار و ڕێگەکانی ژیانیان (٣٤). ئاوەدانکارییەکی کۆچەریی تایبەتمەند لە لێکۆڵینەوەی سروشتی گەلە دەشتەکییەکان و گەشەکردنیان و کاروبارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دابونەریت و بەها و پێوانەکانیان. ئاوەدانکارییەکی سیاسیی پەیوەست بە دەوڵەتان و میرنشینەکان و دەسەڵاتەکان و شێوازەکانی فەرمانڕەوایی و ڕێساکانی هێز و فاکتەرەکانی جێگیریی و پەشێویی سیاسی. ئاوەدانکارییەکی شارستانیی تایبەت بە وڵاتان و ناوچەکان و نیشتمانەکانی کۆبوونەوەی مرۆیی و ئەو جیاکەرەوانەی شار بە سەرجەم ڕووکارە ئاوەدانکاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و زمانەوانییە جیاوازەکانیەوە، جیا دەکەنەوە. ئاوەدانکارییەکی ئابووری کە لە دەوری کەرەستە و سامان و پیشە و شێوازەکانی بەدەستهێنانی گوزەران و پیشەسازییەکان و ڕۆڵیان لە جێگیریی

دانیشتووان و خۆشگوزەرانیی ژیانی کۆمەڵایەتیاندا دەسووڕێتەوە. لە کۆتاییشدا ئاوەدانکارییەکی ئایینی، کە تایبەتە بە پەرستش و ئایینەکانەوە و دەزگاکانیان و ڕۆڵیان لە پەروەردەکردنی دەروونــی مرۆڤەکان و پــەرەدان بە ڕەفـتـار و بەهاکانیان و قووڵکردنەوەی یەکیەتی و هاوبەندی نێوانیان، لەپێناو بەرزکردنەوەی وشەی (خوا)ی گەورەدا (٣٥)».

ئیبن خەلدون، لە سیستم و ئاوەدانکاریەکانی کۆمەڵگەی کۆڵیوەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی شیکاری. ئەم لێکۆڵینەوەیەش، لێکۆڵینەوەیەکی ستاتیکی و دینامیکییە لەیەک کاتدا، واتـا لە سیستمە ئاوەدانکاریەکانی کۆڵیوەتەوە، لە حاڵەتی جێگیریدا و لەمیانەی ماوەیەکی زەمەنی دیاریـکـراودا، هـەروەهـا لە حاڵەتی گۆڕانیدا، لەمیانەی ماوەیەکی زەمەنی دووردرێــژدا. ئیبن خەلدون، لە بەشی سێیەمی پەرتووکی (المقدمە) لە دیاردە سیاسییەکانی کۆڵیوەتەوە. لە بەشی پێنجەمیشدا لە دیاردە ئابووریەکانی کۆڵیوەتەوە. لە بەشی شەشەمیشدا لە دیاردە پەروەردەییەکانی کۆڵیوەتەوە. لەمیانەی لێکۆڵینەوەکانیشیەوە، کۆپاشای زۆر دیــاردەی خێزانی و ئـاکـاری و جوانکاری و ئایینی و زمانەوانی و کۆپاشا دیاردەی دیکەی خستۆتە ڕوو، کە پەیوەستن بە جادووگەری و نووشتەگەری و تەلیسمکاری و ... هتد (٣٦).

ئەم لێکۆڵینەوانەشی بەڵگەن لەسەر ئەوەی، زۆرینەی لقەکانی سۆسیۆلۆژیای گرتۆتەخۆی و شیکاری کـردوون. بەمەش بووەتە یەکەمین کەس، گەیشتبێتە دامەزراندنی زانستێک کە زانا هاوچەرخەکان ناوی دەنێن (سۆسیۆلۆژیا)، ئەو زانستەی لەڕووی بابەتەکانیەوە، جیاواز نییە لەو سیستمە ئاوەدانکاریانەی کە لە گشت بەشەکانی (المقدمە)دا شیکاری کردوون.

ئیبن خـەلـدون بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە دیاردەی ئاوەدانکاریی کۆمەڵگەی نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو دیـاردەیـەک بـە دیـاردەیـەکـی دیکەوە دەبەستێت، بەیەکەوەبەستنێکی زانستیی ڕێکوپێک، هەروەک چۆن پرۆفیسۆر (جۆستۆن بۆتۆل)، لە پەرتووکەکەیدا، سەبارەت بە ئیبن خەلدون، باسی لێوە دەکات. پرۆفیسۆر (بۆتۆل) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئیبن خەلدون، لەلایەکەوە دیاردەکانی دانیشتووان دەبەستێتەوە بە دیاردە ئابووریەکانەوە، لەلایەکی دیکەشەوە دیاردە سیاسییەکان و دیاردە سەربازییەکان بەیەکەوە دەبەستێت(٣٧). ئیبن خەلدون گرنگییەکی گەورە بە دیاردەکانی پەیوەست بە دانیشتووان دەدات و ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان دانیشتووان و سەروەت و سامانی وڵاتدا هەیە. چەند بڕگەیەکیش لە پەرتووکەکەیدا هەن، وامان لێ دەکەن، بە لایەنگرانی ئـەوانـەی هەژمار بکەین کە دەڵێن

دانیشتووان هۆکاری دەوڵەمەندبوونن. وە دەڵێت: «سەرکەوتنی چەند دەوڵەتێک لە بواری بازرگانی و خۆشگوزەرانیدا، بەسەر چەند دەوڵەتێکی دیکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی دانیشتووانیان». وە بڕواشی وایە، سەروەت و سامان لە هەندێک حاڵەتدا، دەبێتە هۆی زیادبوونی دانیشتووان. لەم ڕووەشەوە دەڵێت: «کاتێک حکومەت هانی پیشەسازی دەدات، دەتوانێت دانیشتووانی دەوڵەت بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات، بەمەش داهاتی خۆی زیاد دەکات» (٣٨).

ئیبن خەلدون، دەرکی بە کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکانیش کردووە لەسەر ژیانی ئابووری. بەم شێوەیە تیۆرەکەی دەربارەی پەرەسەندنی سیاسی بەستۆتەوە بە تیۆرەکەی دەربارەی شوێنەوارە ئابوورییەکانی ئەم پەرەسەندنە. ئیبن خەلدون ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کەوا چەند تاکێکی کارامە سوود لەو وێرانکارییە وەردەگرن کە لەگەڵ ڕووخانی دەوڵەتدا ڕوودەدەن، چونکە لەو قەرزانە ئازاد دەبن کە لەسەریان بووە. یاخود دەست بەسەر موڵک و ماڵی ئەو بێ هێزانەدا دەگرن، کە ناتوانن پارێزگاری لە مافەکانیان بکەن، بەهۆی نەمانی ئارامی و ئاسایش و جێگیری و لاوازی یاساوە. ئەم کەسانە لە ماوەی تێکچوونی بارودۆخی سیاسیدا، کۆپاشا موڵک بە نرخێکی هەرزان دەکڕن، پاشان لە کاتی جێگیربوونەوەی دەوڵەت و دوای گۆڕانی سیستمی

فەرمانڕەوایی، بە نرخێکی گران دەیانفرۆشنەوە.
ئیبن خەلدون لەم بارەیەوە دەڵێت: «کاتێک خەریکە دەوڵەتێک دەڕووخێت و دەوڵەتێکی نوێ سەرهەڵدەدات، تاکو شوێنی بگرێتەوە، بەهۆی نەمانی ئاسایشەوە، نرخی موڵک و زەوی و زار دادەبەزێت. نموونەش بۆ ئەمە، چەندین کەس نائارامی و تێکچوونە سیاسیەکانی وڵاتی مەغریبیان قۆستەوە و لەڕووی ئابوورییەوە سوود و قازانجێکی زۆریان کرد».

کاتێکیش ئیبن خەلدون باس لە هۆکارەکانی شەڕ و پێکدادانی نێوان خەڵکی و کاریگەریی جەنگەکان لەسەر شارستانیەت و ڕۆڵی جەنگەکان لە بەشارستانیبوون و پێشکەوتندا و کاریگەریی ئەمەش لەسەر لاوازبوونی دەمارگیری و ڕووخانی پاشا و دەوڵـەت دەکـات، دەسـەڵاتـی سیاسی دەبەستێتەوە بە دەسەڵاتی سەربازییەوە. ئیبن خەلدون باس لەو ئاراستەیەش دەکات کە پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت بۆ شەڕ و کوشتار لەگەڵ یەکدیدا، وەک دیاردەیەکی سروشتیش، سەیری جەنگ دەکات و بڕواشی وایە ناتوانین خۆمانی لێ لا بدەین و ویستی خوایە (٣٩). (جەنگ و جۆرەکانی کوشتار، دەگەڕێنەوە بۆ ویستی تۆڵەسەندنەوەی مرۆڤەکان لە یەکدی، کە هەر گروپێکیان خاوەن دەمارگیریی خۆیانن، ئەمەش کارێکی سروشتییە لای مرۆڤ و هیچ نەتەوە و نەوەیەک لێی بێبەش نابن). ئیبن

خەلدون ئـەوەش ڕوون دەکـاتـەوە، کە هۆکاری جەنگەکان دەسەڵاتی سیاسی و شوێنکەوتووەکانی دروستی دەکەن، دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتە سەربازییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، سەرەڕای ئـەوەی ئیبن خـەلـدون، چەند جارێک بـاس لە حـەزی تاڵانکاری دەکـات لای کۆچەرییەکان، بەڵام لە تیۆرەکەیدا دەربـارەی جەنگەکان پلەی یەکەم دەبەخشێتە هۆکارە سۆزدارییەکانی وەک: کەرامەت، ڕقلێبوونەوە، ڕکەبەرایەتی... هتد.

وەک پرۆفیسۆر (بـۆتـۆل) جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئیبن خەلدون بڕوای وایە، جەنگ دەبێتە هۆی وێرانکردنی شارستانیەتێکی دیاریکراو و جێگرتنەوەی لەلایەن شارستانیەتێکی دیکەوە. کاتێک داگیرکاران شارستانیەتی گەلی داگیرکراو وێـران دەکـەن، لەهەمانکاتدا هەڵدەستن بە بوونیادنانی شارستانیەتێکی نوێ لەسەر پاشماوەی ئەو شارستانیەتەی جەنگ وێرانی کردووە (٤٠). کاتێکیش شارستانیەتە نوێکە بوونیاد دەنێن و جێگیر دەبن تیایدا و لەگەڵ شێوازەکانی ژیانیدا خۆیان دەگونجێنن، کە بە ئارامی و جێگیری و نەرمونیانی و لەسەرخۆیی جیا دەکرێتەوە. داگیرکاران وردەوردە خۆشەویستیان بۆ سەربازی و هێز و دڵڕەقیان لەدەست دەدەن و دەگۆڕێن بۆ خەڵکانێکی ئاشتیخواز و لە جەنگ و فراوانخوازی دوور دەکەونەوە، لەم شێوە بارودۆخەشدا، ناتوانن

پارێزگاری له شارستانیه‌ته‌كه‌یان و ته‌نانه‌ت خودی خۆشیان بكه‌ن. كاتێكیش ڕووبه‌ڕووی داگیركاریی كۆچه‌رییه‌كانی بیابان ده‌بنه‌وه، شارستانیه‌ته‌كه‌یان ده‌ڕووخێت و موڵک و ماڵه‌كانیشیان تاڵان ده‌كرێت و شوێنه‌وار و به‌ده‌ستهێنراوه‌كانیشیان وێران ده‌كرێن (٤١). له‌به‌رئه‌وه ئیبن خه‌لدون ئامۆژگاری چینی جه‌نگاوه‌ران ده‌كات، له شاره‌كاندا نیشته‌جێ نه‌بن و پارێزگای له ده‌مارگیری و مۆركی خۆیان بكه‌ن و به جیاوازی بمێننه‌وه له‌گه‌ڵ خه‌ڵكی شاره‌كاندا، كه به‌هێزی سه‌ربازی ملیان پێ كه‌چ كردوون. كه‌واته په‌یوه‌ندییه‌ک له‌نێوان ده‌سه‌ڵاتی سه‌ربازی و ده‌سه‌ڵاتی سیاسیدا هه‌یه، هه‌روه‌ها په‌یوه‌ندییه‌كیش له‌نێوان ئاوه‌دانكاریی ئابووری و دانیشتوواندا هه‌یه. ئه‌مه‌ش ده‌لاله‌ت له ته‌واوی بنه‌ماكانی ئاوه‌دانكاریی مرۆیی ده‌كات.

## دابەشکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکان

وەک پرۆفیسۆر (شمیت) ئاماژەی پێ دەدات، ئیبن خەلدون لەمیانەی تیۆرە کۆمەڵایەتیەکەیەوە، باس لە چەند جۆرێکی کۆمەڵگە دەکات، وەک: کۆمەڵگەی کێوی، کۆمەڵگەی کۆچەری، کۆمەڵگەی شوانکارەیی، کۆمەڵگەی خێڵەکی، کۆمەڵگەی گوندنشینی کشتوکاڵی و کۆمەڵگەی شارنشینی کە لە شارەکاندا نیشتەجێن. ئیبن خەلدون بڕوای وایە، ئەم کۆمەڵگایانە لە فۆرمێکەوە دەگۆڕێن بۆ فۆرمێکی دیکە، وەک گۆڕانی کۆمەڵگەی شوانکارەیی بۆ کۆمەڵگەی گوندنشینی کشتوکاڵی جێگیر، یاخود گۆڕانی کۆمەڵگەی گوندنشینی کشتوکاڵی بۆ کۆمەڵگەی شارنشینی کە لە شارەکاندا نیشتەجێن. هەروەها ئیبن خەلدون باس لە خەسڵەتەکانی ئەم کۆمەڵگانەش دەکات، کە هەر شێوەیەکیان خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جیای دەکەنەوە لە شێوەکانی دیکە. بۆ نموونە کۆمەڵگەی کۆچەری، بەوە جیا دەکرێتەوە کە هەڵگری دەمارگیرین کە بە کۆڵەکەی ئەم کۆمەڵگەیە هەژمار دەکرێت، پیشەیان شوانکارەییە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیشیان بەهێز و تووندوتۆڵن، پشت بە کاردابەشکردن و پسپۆڕی دەبەستن، ئاستی کۆمەڵایەتیان نزمە، ئامرازەکانی

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیشیان بریتین لە (ئایین، دابونەریت، بەها، ویــژدان)، بــەڵام کۆمەڵگەی شارستانی لــەڕووی جوگرافییەوە جێگیرن و ئەندامەکانی لە شار و شارۆچکەکاندا نیشتەجێن و پشت بە پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵێکی چڕ دەبــەســتــن و لــەســەر سیستمێکی وردی کاردابەشکردن و پسپۆری دەڕۆن (٤٢). پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان بەجۆرێک لە جۆرەکان لاوازە و پەیوەندیی فەرمی زاڵە بەسەریاندا. لە کۆتاییشدا بەوە جیا دەکرێنەوە کە ڕەگەزەکانی دانیشتووانیان هەمەچەشنن و کەسی نامۆ و دەرەکــی زۆرە لەناویاندا.

پرۆفیسۆر (شمیت) باس لەوەش دەکات ئیبن خەلدون بە پشتبەستن بە سروشتی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و دابونەریت و ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی و بارودۆخی جوگرافی و کەشوهەوا و شێوازەکانی ژیان و شێوەی ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی ئەم شێوە جیاوازانەی، کۆمەڵگەکان لە یەکدی جیا دەکاتەوە. هەریەک لە (بۆدن، مۆنتسکیۆ، بوکڵ، سبنسەر و رازل)، هەمان ئەو شێوازانەیان گرتۆتەبەر کە ئیبن خەلدون لە پۆلێنکردنی کۆمەڵگەکاندا پشتی پێ بەستوون، بەڵام ئەو فاکتەرانەی ئیبن خەلدون پشتیان پێ دەبەستێت لە پۆلێنکردنی کۆمەڵگەکان و گەلان و جیاکردنەوەیان لە یەکدی، بریتین لە فاکتەرەکانی

دەمارگیری و خزمایەتی (Consanguinity) پشتبەستوو بە پەیوەندیی خوێن و فاکتەری بەستەرەوە کۆمەڵایەتیەکان (٤٣). بەستەرەوەی دەمارگیری و خزمایەتی کۆمەڵگەی کۆچەری، یاخود گوندنشینی جیادەکەنەوە، وە بەستەرەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گرێبەستیەکان، کۆمەڵگەی شارستانی جیادەکەنەوە.

پرۆفیسۆر (بۆتۆل) دەڵێت: «ئیبن خەلدون گەل و کۆمەڵگەکان بۆ چەند جۆرێکی جیاواز دابەش دەکات، ئەم دابەشکردنەش پشت بە پیشە و شێوازەکانی بەرهەمهێنان دەبەستێت. ژیانی شارستانی لە پلەی یەکەمدا دادەنێت، کە چەند پیشەیەکی جۆراوجۆری تێدایە. پاشان ئەو جووتیارانەی لە گوندەکاندا کۆبوونەتەوە، لە دەشت یاخود لە شاخەکاندا نیشتەجێن. لە کۆتاییشدا کۆچەرییەکان دێن کە ئیبن خەلدون بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشیان دەکات. ئەو کۆچەریانەی کاروبارەکانیان بە گاجووت ڕایی دەکەن، وەک: دەشتەکییەکان و خەڵکی کرواتیا و تورک و تورکمانەکان. هەندێکی دیکەیان ئیشوکارەکانیان بە حوشتر ڕایی دەکەن، وەک: عەرەب و دەشتەکی و کۆچەرییەکان».

هەروەها دەڵێت: «کەرەستە سروشتیەکان و ئاو و هەوا، تاڕادەیەکی باش، شێوازی ژیانی گەلان و کۆمەڵگەکان دیاری دەکەن». کاتێک ئیبن

خەلدون باس لە کاریگەریی سیستمی خۆراک و کەشوهەوا دەکات لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگە، چەند بیروڕایەک دەخاتەڕوو کە دەیکەن بە ڕابەری هزرە هاوچەرخەکان، بەتایبەت هزرەکانی (مۆنتسکیۆ).

ئیبن خەلدون تێبینیی ئەوە دەکات ئەو عەرەبانەی لە بیاباندا هاتوچۆ دەکەن و تەنها ماست و خورما دەخۆن و لای ئەوان جێگەی گەنمی گرتۆتەوە، ڕەنگیان گەشتر و لەشولاریان ڕەندتر و شێوەشیان باشتر و جوانترە و ئاکاریشیان دوورە لە لادان و لەڕووی هزریشەوە ژیرتر و داناترن و توانای دەرککردنیشیان باشترە.

ئیبن خەلدون لە پۆلێنکردنی خەڵکیدا بۆ چەند گەل و کۆمەڵگەیەکی جیاواز، جەخت لەسەر گرنگی میتۆدی ئابووری دەکاتەوە. ئەو کار و چالاکیانەی مرۆڤ پێیان هەڵدەستێت، دەبنە هۆی دابەشکردنیان بۆ چەند کۆمەڵگەیەکی جیاواز. دەتوانین فەلسەفە سیاسییەکەی ئیبن خەلدون بە چەند دەربڕینێکی ئابووری ڕاڤە بکەین. ئیبن خەلدون دەڵێت: «ئەو گەلانەی دەوڵەتی گەورە گەورەیان دروست کردووە و چەند فتوحاتێکی گەرەیان ئەنجام داوە وەک: عەرەب و تەتەرەکان، لە ناوچە بیابانییەکاندا نیشتەجێ بوون، چەند تایبەتمەندییەکی سەربازیی دیاری پێ بەخشیون و وای لێ کردوون بەدوای هەلێکدا بگەڕێن تا دەست بەسەر ئەو گەلانەدا بگرن کە دەوڵەمەندترن لەو گەلانەی لەسەر ژیانی

شارستانی ڕاهاتوون».

تیۆرە سیاسییەکەی ئیبن خەلدون لەگەڵ تیۆرە ئابوورییەکەیدا یەک دەگرێتەوە، چەند نیشانەیەکی دیاری مێژووی هەر گەل و کۆمەڵگەیەک لە شێوازی ژیانیان و بارودۆخی شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە هەڵدەهێنجێت. پرۆفیسۆر (بۆتۆل) بڕوای وایە، ئیبن خەلدون تیۆرە ئابوورییەکەی کردووە بە تیۆرێکی ئۆتۆماتیکی (آلي) وە لە ڕاڤەکردنی ئەو قۆناغە شارستانییە مێژووییەدا پشتی پێ بەستووە کە کۆمەڵگەی پێدا تێپەڕ دەبێت (٤٤). لەگەڵ ئەوەشدا ئیبن خەلدون زانیویەتی چۆن لە ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنەکانیدا ڕەچاوی چەند یاسایەکی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی دەکات، لە پۆلێنکردنی کۆمەڵگەکان و گۆڕانیان لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە بەدرێژایی نەوەکان و سەردەمەکان.

پرۆفیسۆر (ئەرنۆڵد تۆینبی) دەڵێت: «ئیبن خەلدون سەیری کۆمەڵگەی مرۆیی دەکات، سەیرکردنێکی گشتی و گشتگیر لەڕووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنیەوە» (٤٥). وە باس لە چەند حاڵەتێکی یەک لەدوای یەکی ژیانی کۆمەڵگەش دەکات، بەشێوەیەکی پلەبەندی، لە سادەییەوە بۆ ئاڵۆزی، لەڕووی بوونیاد و پێکهاتەوە. لەهەمانکاتدا ئەم پلەبەندییە لە چۆنیەتی قۆستنەوەی سامانە سروشتی و ژینگەییەکان و ڕێگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە بەرامبەرە لەگەڵ پەرەسەندنی

کۆمەڵگەکان. (دکتۆر ئەحمەد ئەلخەشاب) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی) ئەو سەرنجانە ڕاڤە دەکات کە پرۆفیسۆر (تۆینبی) هەیەتی دەربارەی وەرچەرخانی کۆمەڵگە مرۆییەکان لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی دیکە. دەڵێت: «ئیبن خەلدون، قۆناغی یەکەم کە کۆمەڵگەی پێدا تێپەڕ دەبێت، ناو دەنێت قۆناغی کۆچەری». یەکێک لە هەڵە باوەکان ئەوەیە، هەندێک کەس بڕوایان وایە، ئیبن خەلدون مەبەستی لە دەشتەکییە کۆچەرییەکانە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەم چەمکە بۆ گوزارشتکردن لە کەسانی ناشارستانی بەکاری دەهێنێت. لە کۆمەڵگەی کۆچەریشدا تاکەکان خەریکی کشتوکاڵی سەرەتایین لەپێناو بەدەستهێنانی خواردندا، هاوکاری یەکدی دەکەن، یاخود خەریکی ڕاو و شکارن کە خواردنی خەڵکەکە دابین دەکات. شان بەشانی کۆمەڵگەی کۆچەری، کۆمەڵگەیەکی دیکەش هەیە کە ئەویش کۆمەڵگەی شوانکارییە، کە لەڕووی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە کەمێک پێشکەوتووترن. ئەم کۆمەڵگەیە لەجیاتی ڕاوکردن، پشت بە بیرۆکەی ماڵیکردنی گیانداران دەبەستێت، وە کۆمەڵگەیەکی دیکەش هەیە بە ناوی گوندنشینی کشتوکاڵی، کە پشت بە پلەیەک لە جێگیری و پێشکەوتنی سیاسی دەبەستێت (٤٦). لە کۆتاییشدا کۆمەڵگەی پیشەسازیی بازرگانی دێت، کە لە هەرێمە شارستانیەکاندا نیشتەجێن.

ئیبن خەلدون جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هەر ئاستێکی ئابووری، خاوەنی مۆرک و ئاکاری خۆیەتی، بەشێوەیەکی گشتی کۆچەرییەکان خاوەن ئازایەتی و هەماهەنگی و دەمارگیری و ئاکاری باشن. شارستانییەکانیش خاوەنی خۆشگوزەرانی و کەشخەیی و نەرمونیانی و لەسەرخۆیین.

# گۆڕانی کۆمەڵایەتی

ئیبن خەلدون یەکێکە لەو سۆسیۆلۆژیستە مێژووییە ناسراوانەی کە بڕوایان بە حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەڵگە هەیە لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی دیکە. کۆمەڵگە لای ئیبن خەلدون، وەک بوونەوەرێکی زیندوو وایە، لەدایک دەبێت و گەشە دەکات و دەگاتە کامڵی و پاشان لاواز دەبێت و دەمرێت، کە لەم بزاوتە وەرچەرخانەیدا بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەر دەبێت، ئەوانیش: قۆناغی کۆچەری، قۆناغی گوندنشینی، لە کۆتاییشیدا قۆناغی شارستانی (٤٧)، بەڵام هۆکاری بزاوتی کۆمەڵگە و گۆڕانی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، بریتیە لە لاوازی دەمارگیری و هەماهەنگیی نێوان تاکەکان و بڵاوبوونەوەی خوشگوزەرانی و دڵنیایی و ئارامی و جێگری لە ناخیدا. هەروەها خەڵکی ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، لەم جۆرە بارودۆخەشدا کۆمەڵگە تووشی دوژمنکاری و داگیرکردن دێت و لە فۆرمێکەوە وەردەچەرخێت بۆ فۆرمێکی دیکە. ئەو کۆمەڵگەیەی ئەم حاڵەتە بەخۆیەوە دەبینێت، کۆمەڵگەی شارستانییە، ئەو کۆمەڵگەیەی لە حاڵەتی ململانێیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە کۆچەریەی دەوری داوە،

کەواتە لای ئیبن خەلدون لاوازیی دەمارگیری و هەماهەنگی کە ململانێی شارستانی و کۆچەری قووڵتر دەکەنەوە، فاکتەری سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە.

پرۆفیسۆر (بۆتۆل) دەڵێت: «ئیبن خەلدون، بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر فاکتەرەکانی پارچەپارچەبوونی سیاسی و نائارامی ئەو ئاسایشەی ڕوون کردۆتەوە کە لە سەردەمی خۆیدا تووشی ناوچەی باکووری ئەفریقا هاتووە، جێگیرنەبوونی ئارامی و ئاسایش لەو ناوچەیە، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەم ناوچەیە بە کۆمەڵی بیاباننشین دەورە دراوە، بۆ گشت ئەو کۆچەریانەی تووشی نائارامی هاتوون، وەک پەناگەیەکە بەکاردەهێنرێت» (٤٨). زۆرجار ئەم دەشتەکیانە هێرش دەکەنە سەر شارەکان و سیستمی فەرمانڕەوایی دەگۆڕن، کاتێکیش ئەو سیستمانەی حوکم گۆڕان، ئەوا لایەنە کۆمەڵایەتی و شارستانیەکانیش لەگەڵیدا دەگۆڕێن، پەلاماردانی زۆرینەی ناوچەکانی وڵاتی مەغریب، بەتایبەت فاس لەلایەن دەشتەکیەکانەوە بووە هۆی وێرانبوونی زۆرینەی ئەو ناوچانە و وەرچەرخانیان بۆ چەند ناوچەیەکی دوور لە شارستانیەت، ئیبن خەلدون، لە دانراوەکانیدا باس لەوەش دەکات پەلاماردانی باکووری ئەفریقا لەلایەن مەغۆلەکانەوە، هەڵگری مۆرکێکی کۆچەری بووە، ئەم پەلاماردانانە، بوونەتە هۆی وێرانکردنی زۆر ویلایەتی ئیسلامی لە

دەوڵەتە عەرەبییەکانی ڕۆژهەڵاتدا.

پرۆفیسۆر (مارتن دیل) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (سروشت و فۆرمەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی) کە بەشێکی تەرخان کردووە بۆ سۆسیۆلۆژیا لای ئیبن خەلدون. ئاماژە بەوە دەدات، ئیبن خەلدون بڕوای وایە دەوڵەت لەسەر بنەمای هەماهەنگی و دوورکەوتنەوە لە بەگژیەکداچوون بوونیاد دەنرێت. بە بڕوای ئیبن خەلدون، تاوەکو کات بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتدا تێپەڕێت، ئەوا ئەو هەماهەنگیەش ڕووەو لاوازی دەڕوات، دەوڵەتیش لە قۆناغەکانی سەرەتای دامەزراندنیدا یەککگرتوو و تەواو و بێ کەموکوڕی دەبێت، بەتایبەت کاتێک ملکەچبوونی تاکەکان بەدەست دەهێنێت و دەسەڵاتێکی ڕەهایان بەسەردا پراکتیزە دەکات، بەڵام بەرەبەرە لەگەڵ بەردەوامبوونی گۆڕاندا بەرەو لاوازی و ڕووخان دەڕوات و ژیانی شارستانیش کار لەسەر پەرتکردنی حوکم دەکات. شارنشینەکان پەنا بۆ ژیانێکی ئارام و جێگیر دەبەن، ژیانێک دوور لە توندوتیژی و نائارامی و ناجێگری، لە کاتێکدا کۆچەرییەکان، ئەوانەی ئەو بیابانانە تەی دەکەن کە دەوری شارەکانیان داوە، ڕوودەکەنە توندوتیژی و فراوانخوازی و داگیرکردن، لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەشەوە ململانێیەکی توند لەنێوان شارنشینەکان و دەشتەکیەکاندا ڕوودەدات، ئەم ململانێیە بە سەرکەوتنی کۆچەرییەکان کۆتایی دێت

بەسەر شارنشینەکاندا (٤٩). لە هەموو ئەمانەشەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، دیاردەی ململانێی کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگەدا جێگەی خۆی دەگرێت، بزوێنەری سەرەکیی پرۆسەی گۆڕانە.

ئیبن خەلدون، تەنها لە حەتمیەتی گۆڕانی مێژوویی کۆمەڵگەی نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو لە حەتمیەتی گۆڕانی مێژوویی دیاردە و سیستمی ئاوەدانکاریشی کۆڵیوەتەوە. دیاردەی ئاوەدانکاری، بە تێپەڕینی کات، دەگۆڕێت و پەرە دەسێنێت، لەم بارەیەوە ئیبن خەلدون دەڵێت: «نەتەوەکان و دەسکەوت و بەخششەکانیان لەسەر یەک ڕێرەو و میتۆدی جێگر ناڕۆن، بەڵکو بەگوێرەی سەردەم جیاواز دەبن و لە حاڵەتێکەوە ڕوودەکەنە حاڵەتێکی دیکە»، ئیبن خەلدون بڕواش بە پرنسیپی حەتمیەت دەهێنێت سەبارەت بە دیاردە ئاوەدانکارییەکان و فەلسەفەی مێژوو، ئەو جەخت لەسەر حەتمیەت دەکاتەوە و بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، شارەکان و ئاوەدانکارییە مرۆییەکان لە پەرەسەندنیاندا لەسەر چەند یاسایەکی جێگیر دەڕۆن، لێرەشەوە پێویستە توێژەر هەوڵ بدات، بکاتە ئەو پێوەرانەی کە ئاوەدانکاری پراکتیزەیان دەکات، وە پێویستە بەشێوەیەک لە مێژووی شارستانی بڕوانێت کە بتوانێت وردەکاری و ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەربخات و بیدۆزێتەوە و ڕۆشناییش بخاتە سەر ئەو فاکتەرە ڕۆزەتیڤانەی بوونەتە هۆی دروستبوون و

نەشونماکردنی، بەمەش بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا ڕۆڵی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دیاری دەکات، لە دیاردە ئاوەدانکارییەکاندا (٥٠). لەم هەڵوێستەیدا زۆر لە گەورە زانا ئەنترۆپۆلۆژییە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان دەچێت.

پرۆفیسۆر (شمیت) تێبینیی ئەوە دەکات، ئیبن خەلدون لە پەرتووکەکەیدا (المقدمە) یاسایەکی گشتیی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی دەخاتە ڕوو (٥١)، ئەم یاسایەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، ئیبن خەلدون بڕوا بە بوونی خودی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و ملکەچبوونی یاساکان دەهێنێت. لەمەدا چوار سەدە پێش (ڕۆحی یاساکان)ی فەیلەسووفی فەڕەنسی (مۆنتسکیۆ) دەکەوێت. نوێگەرییەکی بێ وێنە دەکات بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مرۆیی و دیاردەکان، بەگوێرەی چەند مۆرک و ڕێسایەکی دیاریکراو، کە لادان لێیان مەحاڵە. وەک پرۆفیسۆر (شمیت) ئاماژەی پێ دەدات، گرنگترین یاساکانیش بریتین لە یاساکانی بزاوت و پەرەسەندن، کە دوای ڕەوتی سیاسی دەکەون و لە یاساکانی بوونەوەری زیندوو دەچن لە جیهانی سروشتیدا، ئەو بوونەوەرانە لەسەر یەک حاڵەت نامێننەوە، بەڵکو لە بچووکییەوە پەرە دەسێنن و گەشە دەکەن، بۆ گەورەبوون و پیربوون. ئیبن خەلدون، لە بیرۆکەی یاساوە ڕوودەکاتە بیرۆکەی ژیان و پەرەسەندنی لە سیستمێکی ورددا. لێرەشەوە تیۆرەکەی فۆرمێکی

ئۆرگانی بایۆلۆژی وەردەگرێت و کۆمەڵگە بەراورد دەکات بە لاشەی زیندوو، بەمەش لەڕووی بیرۆکەی پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە پێش (ئۆگست کۆنت) دەکەوێت، لە بیرۆکەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیشەوە پێش (هێربەرت سبنسەر) دەکەوێت، کۆمەڵگە بەهەمان شێوەی بوونەوەری زیندوو لە فۆرمێکەوە دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی دیکە و بە چەند قۆناغێکی شارستانی جیاوازدا تێپەر دەبێت، کۆمەڵگە وەک منداڵ لەدایک دەبێت و پاشان گەشە دەکات و بەهێز دەبێت و نەشونما دەکات و دەگاتە گەنجی، دواییش بەرەو لەناوچوون و مردن دەڕوات، ئەم پەرەسەندنەش شتێکی سروشتییە و هەر دەبێت ڕووبدات و ناتوانرێت ڕێگەی لێ بگیرێت، لە سیستمێکی حەتمیدا دەسوڕێتەوە، لەم سوڕانەوەیشی یاسەیەک دروست دەکات، لەبەرئەوە پێشکەوتن لای ئیبن خەلدون، پێشکەوتنێکی بازنەییە، یاساکانی پەرەسەندنیش لەسەر یەک هێڵی ڕاست ناڕۆن، بەڵکو لە شێوەی بزاوتێکی بازنەییدان (٥٢).

دوای ئەوەی ئیبن خەلدون بنچینەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی خستەڕوو، هەڵدەستێ بە لێکۆڵینەوەی ئەو قۆناغانەی کۆمەڵگەیان پێدا تێپەڕ دەبێت. کە سێ قۆناغی یەک لەدوای یەکن و لە ساکارەوە دەست پێ دەکات و بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات. قۆناغی یەکەم ناو

دەنێت، قۆناغی کۆچەری، کە دەگۆڕێت بۆ قۆناغی پاشایەتی و ئەویش زۆر بەخێرایی دەگۆڕێت بۆ قۆناغی شارستانیەت، بەڵام قۆناغی شارستانیەت زوو بێت یان درەنگ، تووشی حاڵەتی داڕمان و فەنابوون و مردن دێت، ئەم تێگەیشتنە، جووڵاوە پەرەسەندنەی کۆمەڵگەی مرۆیی کە ئیبن خەلدون لە پەرتووکەکەیدا (المقدمە) گوزارشتی لێ دەکات، بە بنچینەیەکی زانستی دادەنرێت کە سۆسیۆلۆژیای ئەورووپی قوتابخانەی مێژوویی لەسەر دامەزراند.

# میتۆدی سۆسیۆلۆژیا

ئیبن خەلدون لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکەیدا کە لە پەرتووکی (المقدمه)دا دەردەکەوێت، چوار میتۆدی لێکۆڵینەوەی بەکارهێناوە، ئەوانیش پێک دێن لە میتۆدی مێژوویی، میتۆدی بینین، میتۆدی بینین و بەشداریکردن، لە کۆتاییشدا میتۆدی هەڵێنجان. ئێستاش ڕاڤەکردنی ئەم میتۆدانە لەلایەن ئەو بیریار و زانا ڕۆژئاواییانەی بایەخیان بە لێکۆڵینەوە لە سۆسیۆلۆژیای خەلدونی داوە، دەخەینە ڕوو.

ئەو میتۆدە مێژووییەی ئیبن خەلدون لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکانیدا پشتی پێ بەستووە، بە شیکارکردنی بنەچەی بوونی کۆمەڵگە و حەتمیەتی بزاوت و پەرەسەندنی بەدرێژایی نەوە و سەردەمە جیاوازەکان دەست پێ دەکات. پرۆفیسۆر (شمیت) دەڵێت: «لای ئیبن خەلدون، چەند یاسایەکی مێژوویی بەدی دەکرێن، کە ڕێڕەوی کۆمەڵگە و تێپەڕبوونی بە چەند قۆناغێکی مێژوویی ڕوون و ئاشکرادا دیاری دەکات، هەر قۆناغێک هەڵگری چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوە». وەک ئیبن خەلدون بەدی دەکات، وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی، شتێکی حەتمییە (هەر

دەبێ ڕوویدات) بەوە جیادەکرێتەوە کە بەردەوام و کارایە. کۆمەڵگەش بەهەمان شێوەی تاک هەر لە ساتی لەدایکبوونیەوە تاکو مردنی، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت. دەوڵەتیش چەند تەمەنێکی هەیە، ئەم تەمەنانە بە سێ نەوە دیاری دەکرێن، هەر نەوەیەکیش چل ساڵە. لەم سێ نەوەیەدا کۆمەڵگە بە قۆناغی پێکهاتن و دروستبوون، قۆناغی پێگەیشتن و کامڵی، لە کۆتاییشدا بە قۆناغی پیریەتی و پەککەوتەییدا دەڕوات (٥٣). لە هەندێک حاڵەتیشدا بە قۆناغی کۆچەری و قۆناغی شارستانی و قۆناغی لاوازی و کەساسی، گوزارشت لەم قۆناغانە دەکرێت.

ئیبن خەلدون پێناسەیەکی فراوانی بە مێژوو بەخشی، میتۆدەکانی زۆر لەو میتۆدانەوە نزیک دەبنەوە کە سۆسیۆلۆژیای نوێ دیاری کردوون. پرۆفیسۆر (بۆتۆل) لەبارەی ئیبن خەلدونەوە دەڵێت: «لە ڕاستیدا ئیبن خەلدون، باسی لە کۆبوونەوەی مرۆیی کردووە، کە بریتیە لە ئاوەدانکاریی جیهان، سروشتی ئەم ئاوەدانکاریەش تووشی دڕندایەتی و دەمارگیری و شێوەکانی هەڵگەڕانەوەی گروپێک مرۆڤ بەسەر گروپێکی دیکەیاندا دێت، لە ئەنجامی ئەمەشدا، پاشا و دەوڵەتەکان و پلەپلەبوونیان و هەموو ئەو شتانەشی مرۆڤەکان دەیکەنە کار و هەوڵی خۆیان وەک بەدەستهێنان و زانستەکان و پیشەسازی و هەموو ئەو شتانەی لەو ئاوەدانکاریەدا

بەشێوەیەکی سروشتی ڕوودەدەن، دروست دەبن» (٥٤). ئەم پێناسەیە، یەکێکە لە تەواوترین پێناسەکان و (مۆنیە) لەبارەیەوە دەڵێت: «ئەم پێناسەیە، تەنانەت مەیدانی ڕاستەقینەی مێژووش دەبەزێنێت، ئەگەر شیکاری بکەین، دەبینین ڕەگ و ڕیشەی گشت زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەخۆ دەگرێت، وەک ئەو چەمکەی لە کاتی ئێستادا هەیە. بە پلەی یەکەم، ئەم پێناسەیە، ئاماژە بە گرنگیدانێکی بەرچاوی گەڕان بەدوای دروستبوونی شارستانیەتدا دەکات، وە باس لەوەش دەکات، چۆن چەند کۆمەڵە مرۆڤێک توانیویانە لە حاڵەتی دڕندایەتیەوە بەرز ببنەوە بۆ سیستمێکی ئاڵۆزتر».

لە کۆتاییشدا (ماتن دیل) دەربارەی میتۆدی مێژوویی ئیبن خەلدون دەڵێت: «میتۆدێکە، گشت قۆناغە مێژووییەکانی کۆمەڵگەکان و سیستمە کۆمەڵایەتییە لاوەکیەکان لەخۆ دەگرێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ڕابردوو و ئێستایان».

ئیبن خەلدون لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەدا پشتی بە میتۆدی بەراوردکاریش بەستووە، کاتێک ئاماژە بە پێویستیی بەراوردکردنی دیاردەیەک دەکات بە دیاردەیەکی دیکە، کە پێوەی پەیوەستە، لەهەمان کۆمەڵگە و لە کۆمەڵگەکانی دیکەشدا. وەک ئیبن خەلدون دەڵێت: «دیاردە کۆمەڵایەتیەکان تەنها بە جیاوازیی سەردەمەکان جیاواز نابن، بەڵکو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و

لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکەش جیاواز دەبن».

ئیبن خەلدون یاسای لەیەکچوون و جیاوازی دۆزیوەتەوە. یاسای لەیەکچوون لە حەقیقەتی لەیەکچوونی کۆمەڵگەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەڕووی بوونیاد و ئەرک و وەرچەرخانەوە لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی دیکە و یەکێتییە عەقڵی و بیرکردنەوەکانی، بەڵام یاسای جیاوازیی لەیەکنەچوونی کۆمەڵگەکان، لەڕووی بارودۆخ و حاڵەت و دابونەریت و ئاستەکانی پێشکەوتن و پێگەیشتنی شارستانی و مێژووییەوە، ڕاڤە دەکات (٥٥). کەواتە کۆمەڵگە مرۆییەکان، بەگوێرەی هەردوو یاسای لەیەکچوون و جیاوازی لە چەند ڕووکارێکی دیاریکراودا لەیەک دەچن و لە چەند ڕووکارێکی دیکەشدا جیاوازن. لە فاکتەرەکانی لەیەکچوون و جیاوازییشەوە دەتوانین چەند یاسایەکی گەردوونی دابڕێژین کە حەقیقەتی بوونی کۆمەڵایەتی و ئەو بوونیاد و بارودۆخ و فاکتەرە بابەتی و خودیانەی لەخۆی دەگرێت و کاردەکاتە سەری و کاریگەری و شوێنپەنجەی جێگیری خۆی لەسەری جێدەهێڵێت، ڕاڤە دەکات.

بەڵام شێوازی تێبینیکردن کە ئیبن خەلدون پشتی پێ بەستووە، شێواز و بەهایەکی زانستی بەرز بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان دەبەخشێت.

ئیبن خەلدون وای دەبینێت، پێویستە توێژەر بڕوا بە ڕاستی بابەتێک نەکات تاکو خۆی دڵنیا نەبێت لەوەی کە ڕاستە. واتە پێویستە لەسەری لە ئەفسانە خەیاڵی و بیروڕا نادڵنیاکانی ئەوانی دیکەوە بنچینەیەک بۆ لێکۆڵینەوەکەی دروست بکات. لەبەرئەوە، پێویستە پشت بە تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ ببەستێت کە بە ڕێگەیەکی زانستی و ڕەخنەیی دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی کەسی و ئەزموونی مرۆییدا بۆ دیاردەکە (٥٦). وەک پرۆفیسۆر (بۆتۆل) بەدی دەکات، خەسڵەتی سەرەکی پەرتووکەکانی ئیبن خەلدون، گرنگیدانە بە تێبینیکردن نەک بە بیرکردنەوەی تیۆری. سەرەڕای ئەوەی، ئاگاداری پەرتووکی (لۆژیک)ی ئەرستۆ و زانا لۆژیکیەکانی عەرەب بووە، تەنها بە چەند هەڵێنجانێکەوە نەوەستاوە لە پرەنسیپە ئایینی و فەلسەفیەکانەوە. ئیبن خەلدون، لەم خاڵەدا وەک پێشەوایەک دەردەکەوێت. ئەگەر دامەزرێنەری فەلسەفەی مێژوو و سۆسیۆلۆژیا نەبێت، ئەوا دامەزرێنەری تێبینیکردن و کۆکردنەوەی واقیعەکانە. پرۆفیسۆر (بۆتۆل) شتێکی دیکەشی دەخاتە سەر و دەڵێت: «گرنگیدانی ئیبن خەلدون بە تێبینیکردن (المقدمە)ی کردۆتە بەڵگەنامەیەکی ناوازە لە مێژووی ئەفریقادا».

ئیبن خەلدون، فەلسەفەی زیاتر لە تێبینیەکانیدا کورت کردۆتەوە، وەک لە زانستەکەیدا. بڕوایەکی

زۆر بەهێزی بەوە هێناوە کە هەموو شارێکی پێشکەوتوو لەژێر پیاکێشانی هۆزە دڕندەکاندا هەر دەبێت بڕوخێت. هەرگیز باوەڕیشی بەوە نەهێناوە کە بەدواییەکداهاتنی ئەم دەوڵەتانە و ئەم بەرزبوونەوە و ڕووخانە، بەرەو پێشکەوتن بڕوات.

لە کۆتاییشدا ئیبن خەلدون پشتی بە میتۆدی هەڵێنجان بەستووە، ئەم میتۆدەش وەک لە پەرتووکەکەیدا (المقدمه) باسی لێوە دەکات، پشت بە کۆکردنەوەی ئەو بەڵگە و سەلماندنانە دەبەستێت کە یارمەتی دەرکردنی گشتاندنێکی نزیک لە ڕاستی و چەسپاندنەوە دەدەن، گشتاندنێک، توێژەر لە بەشەکانی دەکۆڵێتەوە و پاشان دەگاتە ئەنجامگەلێکی کۆتایی پەیوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە (٥٧). ئەگەر توێژەر توانی لە ڕێگەی هەڵێنجانەوە بگاتە ئەنجامێک، ئەوا دەتوانێت وەک ئەنجامێکی زانستی لە دەلالەتکردنێکی دەرئەنجامی، یاخود فەلسەفیدا بەکاری بهێنێت. ئەمەش گوزارشت لەوە دەکات، توێژەری زانستی لای عەرەب پشت بە هەڵێنجان و دەرئەنجام دەبەستێت. هەر لایەنێک ئەنجامەکانی لایەنەکەی دیکە پشتڕاست دەکاتەوە و پشتگیریی ڕاست و دروستی و زانستیبوونی دەکات. ئیبن خەلدون ئەمەش دەخاتە سەر میتۆدی هەڵێنجان کە دوای تەواوبوون لە کۆکردنەوەی بابەت لەسەر دیاردەی توێژینەوەکە لەمیانەی تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ و لێکۆڵینەوە لە ماوە

مێژووییە جیاوازەکان و بەراوردکارییەوە، دەتوانێت هەڵێنجان و هۆدەرخستن و شیکردنەوە بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بەو یاسا گشتیانەی حوکمی دیاردە جۆربەجۆرەکان دەکەن. لەم ڕووەوە ئیبن خەلدون دەڵێت: «وا پێویست دەکات، توێژەر کار لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییە هۆکارییە بکات کە لەنێوان دیاردەکان و ڕووداوەکاندا هەیە، چونکە دیاردەکان زۆر بەیەکەوە پەیوەستن».

ئیبن خەلدون لە چەند بابەتێکدا لەو پەیوەندییە هۆکارییەی کۆڵیوەتەوە کە لەنێوان فاکتەری جوگرافی و ڕووکاری ئاوەدانکاریدا هەیە. زۆری ئاوەدانکاری و زیادبوونی دانیشتووانی بە بارودۆخەکانی کەشوهەواوە بەستووە. لەم بارەیەوە دەڵێت: «بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، هەوا وشک دەکاتەوە و ڕەق هەڵدێ، ئەمەش ڕێگری لە پێکهاتن دەکات، پێکهاتن دروست نابێت، تەنها بە شێ نەبێت. کاتێکیش پلەی گەرمی بەرەو مامناوەندی دەڕوات و پلەپلە بەرەو نزمبوونەوە دەچێت، ئەوا پێکهاتن کەموکورتی تێدەکەوێت و تێکدەچێت» (٥٨). لەبەرئەوە ئاوەدانکاری لە هەرێمی یەکەمدا کەم دەبێت و لە هەرێمی دووەمدا مامناوەندی دەبێت، بەهۆی مامناوەندی پلەی گەرمییەوە، لە سێیەمیشدا گەورە دەبێت بەهۆی کەمی گەرمییەوە. کرۆکی سەنگینی تیۆرە ئیکۆلۆژیەکەی ئیبن خەلدون، لە ڕوونکردنەوەی

کەشوهەوادا و کاریگەریی ژینگەی سروشتی و شارستانیەت دەردەکەوێت، لەسەر دروستبوونی شارستانیەتیش لەسەر سروشتی و کاریگەریی سیستمی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری و ئاکارییەکانی خەڵکی بە جیاوازیی نیشتمان و وڵاتەکانیانەوە.

پرۆفیسۆر (بۆتۆل) دەڵێت: «کاتێک ئیبن خەلدون باس لە پەرتووکەکانی دەکات، واتا (المقدمە) و ئەو پەرتووکەی دوای ئەو دێت، سەبارەت بە مێژووی گشتی، ئەو ڕێگەیەی بۆ هێنانەدی ئەم میتۆدانە بەکاری هێناوە، جێی گرنگیپێدانە، بە پلەی یەکەم گرنگیدان بە بابەتیبوون». ئیبن خەلدون دەیەوێت میتۆدەکەی لەگەڵ واقیعدا بسازێنێت، بە وتەی خۆی، دەیەوێت ئەو دەمامکە هەڵماڵێت کە ڕاستی دەشارێتەوە و تاریکی لە دەوری بابەتەکە بڵاو دەکاتەوە. لەبەرئەوە پەنای بردۆتە بەر ئەو بەڵگانەی لە سروشتی شتەکانەوە وەرگیراون. بەهۆی ئەمەشەوە جەختی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو گێڕانەوانە کردۆتەوە کە دوورن لە بڕواپێکردنەوە، کە لای مێژوونووسانی سەدەکانی ناوەڕاست بەدییان دەکەین (٥٩).

# کۆتایی

ئیبن خەلدون بە پێشەوا و ڕابەر و دامەزرێنەرە یەکەمینەکانی سۆسیۆلۆژیا هەژمار دەکرێت، ئەم ڕاستیەش لەسەر زاری زۆرێک لە زانا و بیریارانی ڕۆژئـاواوە هاتووە، ئەوانەی ڕاڤەکردنەکانیانمان سەبارەت بەو خستنەسەرە هزری و میتۆدیانە ڕوون کردەوە، کە ئیبن خەلدون پێشکەش بە زانستی سۆسیۆلۆژیای کـردوون. لە بەناوبانگترینیشیان (پرۆفیسۆر ناسینال شمیت، پرۆفیسۆر جۆستۆن بۆتۆل، پرۆفیسۆر ئەرنۆڵد تۆینبی، پرۆفیسۆر لۆدویک کیمبلۆڤیچ، پرۆفیسۆر ڕۆبـەرت فلنت، پرۆفیسۆر مارتن دیـل، پرۆفیسۆر ئەبراهام). ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخی بە حەوت بابەت داوە کە بڕبڕەی پشتی سۆسیۆلۆژیای ئیبن خەلدون پێک دەهێنن. ئەم بابەتانەش لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی زاناکانی ڕۆژئـاواوە سەرچاوەیان گرتووە بۆ گرنگترین ئەو تێز و تیۆر و خستنەسەرە کۆمەڵایەتییە زانستیانەی ئیبن خەلدون لەمیانەی پەرتووکەکەیەوە (المقدمە) پێشکەشی کردوون. ئەو خستنەسەرە هزری و زانستیانەی ئیبن خەلدون پێشکەشی کردوون و بەهۆیانەوە بەشداری کردووە لە دەرکەوتنی سۆسیۆلۆژیادا و سەربەخۆبوونی لە

زانستەکانی تر و کامڵبوونی بابەتەکانی و توانای
بۆ شیکردنەوەی دیاردە و پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان،
ئەویش پەیوەندیی سۆسیۆلۆژیایە بە مێژوو و
فەلسەفەی مێژووەوە و ڕاڤەکردنی حەقیقەتی
کۆمەڵبوونی مرۆیی و سیستم و دامەزراوەکانی
کۆمەڵگە (ئاوەدانکاریی مرۆیی)، هەروەها
دابەشکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکان و گۆڕانی
کۆمەڵایەتی و لە کۆتاییشدا میتۆدی سۆسیۆلۆژیا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بیروڕا و تیۆرەکانی ئیبن
خەلدونی لەسەر ئەم بابەتە کۆمەڵایەتیانە ڕوون
کردۆتەوە. لەهەمانکاتیشدا سروشتی ئەو ڕاڤە و
هۆدەرخستن و هەڵسەنگاندنانەشی بەرجەستە
کردووە کە زانا و بیریارە ڕۆژئاواییەکان بۆ هزری
کۆمەڵایەتیی ئیبن خەلدونیان ئەنجام داون.

# پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی یەکەم


١. الخشاب، أحمد (الدكتور)، التفكير الإجتماعي، القاهرة، دار المعارف مصر، ٩٧٩١، ص٧٩.

٢. حسين، طه (الدكتور)، فلسفة إبن خلدون الإجتماعية، القاهرة، مطبعة الإعتماد، ٠٥٩١، ص٦٣.

.3 laicoS ,senraB dna .H rekceB ,1 .loV ,ecneicS ot eroL morf thguohT .552P ,1691 revoD ,kroY weN

٤. الحسن، إحسان محمد (الدكتور)، علم الإجتماع دراسة نظامية، بغداد، مطبعة الجامعة، ٦٧٩١، ص٩٠١.

٥. سالم، نادية حسن (الدكتور)، أصالة إبن خلدون، بحث مقدم إلى ندوة التراث الإجتماعي العربي، الخرطوم ٩٢-١٣ تموز ٥٨٩١، ص٢٠.

.6 weN ,nudlahK nbI .N ,tdimhcS ,0391 ,sserP .vinU aibmuloC ,kroY .72P

.7 .03-92P ,dibI

٨. بوتول، جوستون، إبن خلدون فلسفته الإجتماعية، ترجمة غنيم عبدون، القاهرة، المؤسسة العامة للتأليف، ٤٦٩١، ص٤.

.9 yhposolihP fo yrotsiH A .A ,tnilF .9391 ,nodnoL ,yrotsiH

.01 morF noitceleS A .A ,eebnyoT

بووە یەکێک لەو بیریارە کۆمەڵایەتیانەی بڕوایان وابـوو دەتوانین بەسەر کێشەکانی کۆمەڵگەدا زاڵ بین و چارەسەرێکی ڕیشەییان بۆ بدۆزینەوە لە ڕێگەی دووبـارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە و چاکسازیی مرۆڤ و سازانی لەگەڵ ئەو گروپانەدا کە کاریان تێدا دەکات و لەگەڵیاندا کارلێک دەکات.

کۆنت توانی پەیوەندییەکی کاری زانستی توندوتۆڵ لەگەڵ (سان سیمۆن) دابمەزرێنێت، بە ڕادەیەک زۆر قورسە کارەکانیان لەیەک جیا بکەینەوە (٤). ئـەمـەش بەتایبەت لـە کـارە هاوبەشەکەیاندا دەردەکەوێت بە ناوی (پلانی پرۆسە زانستییە پێویستەکانی دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە). هەردوو نووسەر لەم کارەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، پێویستە سیاسەت ببێتە فیزیایەکی کۆمەڵایەتی، کە لقێکە لە لقەکانی فیزیۆلۆژیا، هەروەها پێویستە هەموو لقێک لە لقەکانی مەعریفە بە سێ قۆناغدا بڕۆن، ئەوانیش: قۆناغی تیۆلۆژی و قۆناغی میتافیزیکی، یاخود ئەودیوی سروشت و قۆناغی پۆزەتیڤیزم، یاخود زانستی واقیعی.

بە کاتێکی کەم دوای دەرکەوتنی ئەم کارە، کۆنت لە سانسیمۆن جیابوویەوە و هەریەکەیان بـەتـوونـدی هێرشیان دەکـردە سـەر یەکدی. لەو کاتەدا کۆنت لە بارودۆخێکی دارایـی، یان بارودۆخی گوزەران و کۆمەڵایەتیی باشدا نەبوو، بۆیە لەسەر فێرکردنی بابەتی ماتماتیک دەژیا،

به قوتابیانی قوتابخانەکان و هەندێک سەرچاوەی دیکەی ژیان. ژیانی کۆنت لە زنجیرەیەک نوشوستی و نائومێدی و شەڕی کەسی پێکهاتبوو، ئەمەش وایکرد بەردەوام لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی گۆشەگیر بێت، بەڵام لەلایەن چەند کەسێکەوە کە پێی سەرسام بوون، هاوکاری کرا و بانگهێشتیان کرد بۆ وتنەوەی زنجیرەیەک دەرسگوتاری تایبەت بە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم. دوای پێشکەشکردنی ئەو دەرسگوتارانە لە ساڵانی (١٨٣٠ز-١٨٤٢ز) وردەوردە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی چەند وتارێک، پاشان لە پەرتووکێکی شەش بەرگیدا بە چاپی گەیاندن بە ناوی (چەند وانەیەک لەسەر فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم).

پاش ئەمە، کۆنت پەرتووکێکی گرنگی دیکەی بە چاپ گەیاند بە ناوی (تەندروستیی عەقڵی)، کە تیایدا بانگەشەی بۆ پێویستیی وەستان لە خوێندنەوەی ئەوانی دیکە کرد، چونکە ئەم خوێندنەوانە، هزری خەڵکی دەشێوێنێت و بواری بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ڕەسەنیان پێ نادات و داهێنانەکانیان دەمرێنێت و دەیانکاتە شوێنکەوتەی ئەو نووسەرانە و بڵاوکەرەوەکان (٦).

کۆنت لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا (١٨٥١ز-١٨٥٤ز) پەرتووکێکی لە چوار بەرگدا نووسی بە ناوی (ڕێچکەیەک لە سیاسەتی پۆزەتیڤیزم) کە تیایدا دۆزینەوەکانی سۆسیۆلۆژیای تیۆری

٤٢. الحسن، إحسان محمد (الدكتور)،الأولويات التأريخية لأهتمامات العرب بعلم الإجتماع، مطبعة الورد، العدد الثالث لسنة ٦٨٩١، ٧٦.

٥٢. بوتول، جوستون، إبن خلدون فلسفته الإجتماعية، ص٣٩.

٦٢. نفس المصدر السابق، ص٩٤.

٧٢. نفس المصدر السابق، ص٦٩.

٨٢. نفس المصدر السابق، ص٧٩.

٩٢. الخشاب، مصطفى (الدكتور)، تأريخ التفكير الإجتماعي و تطوره، القاهرة، ٢٦٩١، الطبعة الأولى، ص٩٦.

٠٣. الخشاب، أحمد (الدكتور)، التفكير الإجتماعي، ص٣٠٠.

.13 .13P ,nudlahK nbI .N ,tdimhcS

٢٣. بوتول، جوستون، إبن خلدون فلسفته الإجتماعية، ص٣٤-٤٤.

٣٣. ميشيل، دينكن (البروفيسور)، معجم علم الإجتماع، ترجمة الدكتور إحسان محمد الحسن، بيروت، دار الطليعة للطباعة والنشر، ١٨٩١ (الطبعة الأولى)، ص١٢٠.

٤٣. سالم، نادية حسن (الدكتور)، أصالة إبن خلدون، ص٤.

٥٣. نفس المصدر السابق، ص٥.

٦٣. إبن خلدون، المقدمة، بيروت، دار القلم، ٨٧٩١.

٧٣. بوتول، جوستون، إبن خلدون فلسفته الإجتماعية، ص٢٤.

٨٣. نفس المصدر السابق، ص٩٤.

٩٣. نفس المصدر السابق، ص٥٦.

٦٦-٥٦.
٤٠. نفس المصدر السابق، ص٢٧-١٧.
٤١. نفس المصدر السابق، ص
٤٢. الحسن، إحسان محمد (الدكتور)، علم الإجتماع دراسة نظامية، ص٨٠١.

.34 P ,nudlahK nbl .N ,tdimhcS .03

٤٤. بوتول، جوستون، إبن خلدون فلسفته الإجتماعية، أرجع إلى الفصل الرابع.

.54 morf noitceleS A .A ,eebnyoT .6 P ,skroW siH

٤٦. الخشاب، أحمد (الدكتور)، التفكير الإجتماعي، ص٢١٣.

٤٧. نفس المصدر السابق، ص٣١٣.

٤٨. بوتول، جوستون، إبن خلدون فلسفته الإجتماعية، ص٠٨.

.94 dna erutaN ehT .D ,eladnitraM ,notsoB ,yroehT lacigoloicoS fo sepyT .531 P ,1891 ,.oC nilffiM nothguoH

٥٠. الخشاب، أحمد (الدكتور)، التفكير الإجتماعي، ص٧٠٣.

.15 P ,nudlahK nbl .N ,tdimhcS .82

.25 yhposolihP barA nA .C ,iwassI ,yarruM nhoJ ,nodnoL ,yrotsiH fo .0591

٥٣. شرف الدين، خليل، إبن خلدون، بيروت، منشورات دار و مكتبة الهلال، لاتوجد سنة نشر في الكتاب، ص٩٣٢.

٥٤. بوتول، جوستون، إبن خلدون فلسفته

الإجتماعية، ص٤-٥.

٥٥. التوانسي، أبوالفتوح محمد، إبن خلدون، القاهرة، المجلس الأعلى للشؤون الإسلامية، ١٦٩١، ص١٢.

٦٥. محمد حسن، عبدالباسط (الدكتور)، أصول البحث العلمى، مكتبة الأجلو المصرية، القاهرة، ١٧٩١، ص٤٨-٧٨.

٧٥. إبن خلدون، المقدمة، الكتاب الأول.

٨٥. نفس المصدر السابق، الكتاب الأول.

٩٥. بوتول، جوستون، إبن خلدون فلسفته الإجتماعية، ص٥.

# بەشی دووەم
# ئۆگست کۆنت

## پێشەکییەک لەسەر ژیان و کارەکانی

ئۆگست کۆنت (١٧٩٨ز- ١٨٥٧ز) لە شاری (مۆنبیلیە)ی فەرەنسا لەدایک بووە، کاتێک تەمەنی دەبێتە (١٦) ساڵان، پەیوەندی بە قوتابخانەی (پۆلیتکنیک)ەوە دەکـات(١). لەو سەردەمەدا، ئەم قوتابخانەیە ناوبانگێکی گـەورەی هەبوو و زۆر لە قوتابخانەکانی دیکە جیاواز بوو، بەتایبەت لە خوێندنی ماتماتیک و زانستە سروشتییەکانی وەک، گەردووونناسی و فیزیا و کیمیا و زانستە ژیانییەکاندا. ئەم قوتابخانەیە بایەخی بە خوێندنی زانستە مرۆییەکان و کۆمەڵایەتیەکان نەدەدا، بەڵام کۆنت هەر لە سەرەتای لاوییەوە گرنگی و بایەخی بەم لێکۆڵینەوانە داوە کە دواتر توانی لە بوارەکانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و تیایاندا دەربکەوێت، بەتایبەت لە بواری سۆسیۆلۆژیادا، کە ئەورووپییەکان بە باوکی دامەزرێنەری ئەم زانستەی هەژمار دەکەن(٢).

کۆنتیش وەک زۆرێک لە فەیلەسووف و بیریارانی ئەو قۆناغە، ڕووداوە خوێناوی و ڕادیکاڵیەکانی شۆڕشی فەرەنسی بینیوە، کە بۆ سەرەوبەرەیی

بالّی بەسەردا کێشابوو. بەرئەنجامەکەشی بەزەبری هێز ئەو گروپە کۆمەلاّیەتیانە هەلّوەشان کە ڕۆلّی گەیەنەرێکیان دەبینی لەنێوان خێزان و دەولّەتدا. هەربۆیە کۆنت هەر لە سەرەتاوە بە چاکسازیی کۆمەلّگەوە سەرقالّ بوو(٣). چاکسازیی کۆمەلّگەش، دوای دۆزینەوەی زانستێکی پسپۆر دەبێت. ئەو زانستەش (سۆسیۆلۆژیا) بوو کە کۆنت زۆرینەی سالاّنی تەمەنی خۆی تەرخان کرد بۆ داهێنانی و پەرەدان بە بابەتەکانی و گەشەدان بە میتۆدەکانی و کردنی بە زانستێکی پراکتیکی ئەوتۆ کە بگونجێت بۆ لێکۆلّینەوە و گەشەدان بە کۆمەلّگە، بەگوێرەی خواستەکانی سەردەم و چەمکەکانی و هزرەکانی. لەبەرئەوەی ئەم زانستە پشتی بە زانستەکانی دیکە دەبەست، بۆیە کۆنت بڕیاری دا لە سەرجەم زانستە تیۆرییەکان بکۆلّێتەوە کە لەدواییدا ناوی نا (فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم). کۆنت ڕوویکردە بوونیادنانی سیستمێک لەو یاسایانەی حوکمی کۆمەلّگە دەکەن، پاشان توانی لەسەر بنچینەی ئەم یاسایانە چارەسەرێک بۆ کۆمەلّگە بدۆزێتەوە.

کاتێک کۆنت تەمەنی دەگاتە (١٩) سالّ، دەبێتە سکرتێری (سان سیمۆن)، سەرەڕای ئەوەی (سان سیمۆن) سەر بە ئەرستۆکراتە فەرەنسییەکان بوو، بەلاّم لەمیانەی شۆڕشی فەرەنسیدا، بووە یەکێک لە ئیشتیراکییە نموونەییە بەناوبانگەکان، هەروەها

پراکتیزه کردبوو لەسەر چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمە. لەبەرئەوە کۆنت توانی ئامانجەکانی دەربارەی چاکسازیی کۆمەڵگە و باشترکردنی بارودۆخەکەی بەدی بهێنێت، بەڵام لەم کارە زانستیەیدا، کەمێک لە پۆزەتیڤیزم لایداوە و هەوڵی داوە ئایینێک بۆ مرۆڤایەتی دابنێت کە لەمیانەیەوە کۆمەڵگەی مرۆیی بتوانێت بەسەر گوناه و گرێ و ماوەژیەکانیدا زاڵ بێت و دووبارە لەسەر بنچینەیەکی بەهێز و پتەو خۆی بوونیاد بنێتەوە کە متمانەی تاک بە خۆی بەهێز دەکات و پەرەسەندنی کۆمەڵگە و پێشکەوتنە مێژوویەکەی دابین دەکات (٧). کۆنت لەم پەرتووکەیدا (ڕێچکەیەک لە سیاسەتی پۆزەتیڤیزم)، چەند بابەتێکی جۆراوجۆر دەخاتە بەر باس کە لە دەوری بابەتی سیستمی پەروەردەی پۆزەتیڤیزم و کۆمەڵبوون لە هەردوو حاڵەتی ستاتیک و دینامیکدا دەسوڕێنەوە. لە حاڵەتی ستاتیکدا کۆنت تیۆرە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی بۆ گشت جۆرەکانی تایبەتمەندییە دەستەجەمعیەکان لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا ڕوون دەکاتەوە کە لە ئایین و خاوەندارێتی و خێزان و زمانڕێکخستنی چینایەتی دەکۆڵێتەوە و شیکاریان دەکات. لە حاڵەتی دینامیکیشدا لە بیرۆکەی پێشکەوتنی مرۆیی دەکۆڵێتەوە و شیکاری دەکات. کۆنت لە ساڵی (١٨٥٧ز) و لە تەمەنی (٥٩) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و دوای خۆی چەندین

بەرهەمی بەپێزی جێهێشت کە وەک بناغەیەکی سۆسیۆلۆژیا هەژمار دەکرێن.

## ڕۆڵی سۆسیۆلۆژیا لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەدا

هۆکاری لێکۆڵینەوە و پسپۆری کۆنت لە سۆسیۆلۆژیادا، دەگەڕێتەوە بۆ حەزی نۆری بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن و سروشتی کێشەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی لە سەردەمی شۆڕشدا و دانانی چەند بەها و پێوەر و نموونەیەکی باڵای نوێ، تاکو کۆمەڵگەی نوێ پەیڕەوییان بکات (٨). دەبێت ئـەوەش بزانین، ئـەو بەها و پێوەر و نموونە باڵا نوێیانەی کۆنت ویستی دایانبنێت و لە کۆمەڵگەی فەرەنسیدا بڵاوی کردنەوە، هاوجووت بوون لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و ئەو چەمکە نوێیانەی دوای ئەو بزووتنەوە چاکسازییە ئایینییەی لۆسەر و لایەنگرانی و پشتگیریکەرانی پێی هەڵسان، لە ئەوروپا بڵاوبوونەوە. هەروەها کۆنت ویستی وێنەی بوونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی فەرەنسیش بگۆڕێت، بەشێوەیەک لەگەڵ ئەو پێداویستی و بارودۆخانەدا بسازێت کە کۆمەڵگە لەمیانەی شۆڕش و دوای شۆڕشەکە بەخۆیەوە بینی. سەرەڕای هێنانی چەند بەها و مومارەسەیەکی پێویست بۆ ناو پەیکەری دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی نوێ،

بەجۆرێک کە بگونجێن لەگەڵیدا و لەگەڵ مەبەست و ئامانجە دوور و نزیکەکانیدا بسازێن.

کۆنت بە دانانی بنچینەکانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی ئامانجدار بۆ کۆمەڵگەی فەرەنسی و دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی نموونەیی دەستی پێکرد. لێرەوە کۆنت ڕۆڵی لە چاکسازیی کۆمەڵایەتیدا کردە ئامرازێک بۆ دامەزراندنی زانستێکی نوێ، ئەویش زانستی فیزیای کۆمەڵایەتی (Social Physics) بوو. کە پاشان ناوی نا سۆسیۆلۆژیا (٩) (Sociology)، چونکە کۆنت وای دەبینی، کۆمەڵگەی فەرەنسی بەدەست چەند پەشێوییەکی توندی بیرکردنەوەوە دەناڵێنێت. ئەم پەشێوییەش لە ئەنجامی بوونی دوو شێوازی هاودژی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە دیاردەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەمیان شێوازی (زانستیی وەسفی) بوو، کە خەڵکی لە بیرکردنەوە لە دیاردە گەردوونی و سروشتی و بایۆلۆژییەکاندا پەنایان بۆ دەبرد. دووەمیشیان بیرکردنەوەی (ئایینی میتافیزیکی) بوو، کە خەڵکی لە بیرکردنەوە لەو دیاردانەدا پشتیان پێ دەبەست کە پەیوەست بوون بە مرۆڤ و کۆمەڵگەوە. بە بەردەوامبوونی ئەم دوو شێوازەش، پەشێویی عەقڵیش بەردەوام دەبێت و پاشانیش ئاکارخراپبوونیش زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی کۆمەڵگە و گەندەڵبوونی. کۆنت بڕوای

وابوو دەربازبوونی کۆمەڵگە لەم پەشێوییە عەقڵیە، پێویستی بە فەلسەفەیەکی چاکسازیی نوێ هەیە، ئەم فەلسەفەیەش بە تێڕوانینی کۆنت، مەبەست نییە بە تەنها، بەڵکو ئامرازێکیشە بۆ گەیشتن بە چەند مەبەست و ئامانجێکی پراکتیکی، لە کاروبارە کۆمەڵایەتی و ئاکاری و سیاسی و ئایینیەکاندا (١٠).
ئەم فەلسەفەیەش بەم ناوەڕۆکەوە، بێگومان سۆسیۆلۆژیایە، کە کۆنت دایهێنا و ویستی لە ڕێگەیەوە چاکسازی لە کۆمەڵگەدا بکات و پەرەی پێ بدات.

ئەو چارەسەرانەی کۆنت پێشنیاری کردن، بۆ ڕزگاربوون لەو حاڵەتی پەشێوییە عەقڵیەی لەو سەردەمەدا، لە کۆمەڵگەدا بڵاو بوو، ئەمانە بوون:

١. گونجاندنی هەردوو شێوازی بیر کردنەوەی وەسفی و شێوازی بیرکردنەوەی میتافیزیکی لەگەڵ یەکدیدا و کارکردن بۆ بەردەوامبوونیان بێ هیچ هاودژی و پچڕانێک.

٢. گشتاندنی بەکارهێنانی شێوازی لاهوتی میتافیزیکی و ملکەچکردنی گشت عەقڵیەت و زانستەکان بۆی.

٣. گشتاندنی بیرکردنەوە، بە شێوازی میتۆدی وەسفی، لەگەڵ هێنانەدی یەکێتیەکی مەعریفیی وەسفی.

کۆنت ئەوەی بۆ ڕوون بۆوە، چارەسەری یەکەم، پێویستی بە سازان هەیە لەنێوان دوو میتۆددا کە

له بنچینه‌وه هاودژن. مانه‌وه‌ی یه‌کێکیان پێویستی به زاڵبوونه به‌سه‌ر ئه‌وی دیکه‌یاندا. میتۆدی میتافیزیکی له‌سه‌ر تێڕامانی تیۆری و توێژینه‌وه‌ی ڕه‌ها دامه‌زراوه، به ئامانجی گه‌یشتن به چه‌ند پره‌نسیپێکی فه‌لسه‌فی که ناتوانرێت به‌ئاسانی وێنا بکرێن. به‌پێچه‌وانه‌ی میتۆدی پۆزه‌تیڤیزمه‌وه که له‌سه‌ر تێبینیکردنی دیارده‌کان دامه‌زراوه، بۆ دیاریکردنی ڕه‌گه‌زه لاوه‌کیه‌کانی و سروشتییه‌کانی وه‌ک پێشینه‌یه‌ک بۆ گه‌یشتن به هۆکاره ڕاسته‌وخۆکانی و دیاریکردنی ئه‌و یاسایانه‌ی ئه‌م شێوه دیاردانه ملی بۆ که‌چ ده‌که‌ن (١١).

له‌به‌رئه‌وه کۆنت بڕیاری دا، چاره‌سه‌ری سه‌ره‌کیی گرتنه‌به‌ری شێوازی بیرکردنه‌وه‌ی پۆزه‌تیڤیزمه و دانانیه‌تی وه‌ک میتۆدێکی گشتگیر و گشتی. ئه‌وه نه‌بێت که گرتنه‌به‌ری ئه‌م چاره‌سه‌ره پێویستی به‌وه‌یه خه‌ڵکی به ڕێگه‌یه‌کی پۆزه‌تیڤیزمی له دیارده کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کان تێبگه‌ن١٢. ده‌بێت ئه‌وه‌ش بزانین، له‌م شێوازه‌دا دوو ڕێسا هه‌ن، که له‌میانه‌یانه‌وه خه‌ڵکی ده‌توانن له دیارده کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کان تێبگه‌ن، ئه‌وانیش:

١. دیارده کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کان ملکه‌چی یاساکان بن و له‌سه‌ر حه‌ز و ئاره‌زوو و ڕێکه‌وت نه‌ڕۆن، چونکه تێگه‌یشتن له دیارده‌کان به ڕێگه‌ی پۆزه‌تیڤیزم به ئامرازێک هه‌ژمار ده‌کرێت بۆ گه‌یشتن به‌و یاسایانه‌ی حوکمی ئه‌م دیاردانه ده‌که‌ن.

٢. دابینکردنی ئامرازەکانی تێگەیشتن بۆ خەڵکی لەو یاسایانەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ملیان بۆ کەچ دەکەن، ئەمەش تەنها بە دۆزینەوەی ئەم یاسایانە دەبێت لەلایەن توێژەرانەوە، دۆزینەوەی ئەم یاسایانەش پێویستی بە دروستبوونی زانستێکی نوێ هەیە کە ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان. ئەو زانستەش (سۆسیۆلۆژیا)یە.

لێرەوە سۆسیۆلۆژیا لەدایک بوو لەپێناو زاڵبوون بەسەر پەشێویی عەقڵی لە لایەک و زاڵبوون بەسەر پەشێوییە ئاکاری و کۆمەڵایەتیەکاندا لە لایەکی دیکەوە. ئەم زانستەش سەرەڕای تازەییەکەی، سەرۆکایەتی زانستە وەزعیەکانی تری گرتە ئەستۆ و ترۆپکی ئەو زانستانەی گرت، چونکە بابەتەکانی لە گشت بابەتەکانی دیکە ئاڵۆزترە.

کۆنت سۆسیۆلۆژیا بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکات، ئەوانیش: ئەو سۆسیۆلۆژیایەی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ستاتیکی کۆمەڵایەتی (Social Static) دەدات، لەگەڵ ئەو سۆسیۆلۆژیایەی بایەخ بە دینامیکیەت، یاخود گۆڕانی کۆمەڵایەتی (Social Dynamic) دەدات (١٣). بابەتی ستاتیکی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی مرۆییە لە حاڵەتی وەستاو و جێگیریدا، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی و پێکهاتەکانی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل، وەک لێکۆڵینەوە لە سیستمە سیاسی و دادوەری و ئابووری و ئایینی و

ئاكاریەکان (١٤). ئەرکی ستاتیک لێکۆڵینەوەیە لەم سیستمانە لەناو ڕەگەز و ئەرکەکانیاندا، سەرەڕای لێکۆڵینەوەیەکی ورد بە ئامانجی دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی هەماهەنگی، یاخود پەیوەستی لەنێوان ئەم سیستمانەدا بەدی دێنن.

بەڵام دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەیە لە یاساکانی بزاوتی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی ئۆتۆماتیکیی کۆمەڵگە مرۆییەکان و دۆزینەوەی چەندێتیی ئەو پێشکەوتنەی مرۆڤایەتی لە پەرەسەندنیدا بڕیویەتی. واتە لە کۆمەڵگەی مرۆیی دەکۆڵێتەوە لەڕووی پەرەسەندنی و وەرچەرخانی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە (١٥). لەبەرئەوە، کۆنت وای دەبینێت، ستاتیکی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنچینەی بیرۆکەی هەماهەنگی و ڕێکخستن دادەمەزرێت. لە کاتێکدا دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنچینەی بیرۆکەی پەرەسەندن و پێشکەوتن دادەمەزرێت. کۆنت بایەخی بە دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی دا، چونکە باشترە لە ستاتیکی کۆمەڵایەتی. بەبێ پشتبەستن بە یاساکانی دینامیکیەت کە لە کۆمەڵگەدا بڵاو بوونەتەوە، ناتوانێت بکاتە یاساکانی خۆی.

کۆنت لە سیاسەتی پۆزەتیڤیزمدا هەوڵی دا، دووبارە پشتگیرییەکی نوێ لە پێناسە شکلیەکەی بکات بۆ سۆسیۆلۆژیا، کە لە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمدا باسی لێوە دەکات و بەشێکی گەورەی پەرتووکەکەشی بۆ

تەرخان دەکات. کۆنت لە پەرتووکەکەیدا بەم شێوەیە پێناسەی سۆسیۆلۆژیا دەکات: (بریتیە لەو بابەتەی کە تایبەتە بە لە لێکۆڵینەوەی گشت دیاردەکانی عەقڵی مرۆیی و ئەو کردارە مرۆییانەی دەبنە بەرئەنجامی ئەم عەقڵە) (١٦). کۆنت لە شوێنێکی دیکەدا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سۆسیۆلۆژیا تەنها لە عەقڵ ناکۆڵێتەوە، بەڵکو بایەخیش دەدات بە دەرئەنجامە کەڵەکەبووەکانی عەقڵ و مومارەسەکانی. سۆسیۆلۆژیا لە دیاردەکانی کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی پۆزەتیڤیزمی گشتی، کە پشت بە عەقڵ و لۆژیک و ئەزموون و پسپۆری پێشینە و تێبینیکردن و بەراوردکاری و بەدوای یەکداهاتنی مێژوویی ڕووداوەکان، بەگوێرەی کاتی ڕوودانیان دەبەستێت.

کۆنت لە لێکۆڵینەوە سۆسۆلۆژیەکانیدا لە گشت وتار و توێژینەوە و تێزە زانستیەکانیدا لەسەر بوونیادی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، زاراوەی پۆزەتیڤیزم (وضعی) بەکارهێناوە. لە لێکۆڵینەوە و شیکارکردنی بابەتە سیاسی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتیەکاندا، بڕوای بە پێویستیی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیـە هەبووە. دەبێت ئـەوەش بزانین، بایەخی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە خواستی زۆری کۆنتدا خۆی دەبینێتەوە بۆ گۆڕینی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە زانستێکی ئەدەبی و فەلسەفییەوە بۆ زانستێکی واقیعی و بابەتی، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دیاردەکان و ڕاستییە کۆمەڵایەتی و شارستانیەکان بدات، لێکۆڵینەوەیەکی

وەرگیراو لە سروشتی ئەو ژینگەیەی ئەم دیاردە و ڕاستیانەی لێوە سەرچاوە گرتووە، لێکۆڵینەوەیەک دوور بێت لە شێوازی نهێنیزانی و خەملاندنی فەلسەفی و میتافیزیکی. بەگوێرەی بیروبۆچوونی کۆنت، ڕاستی و تیۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفیەکان پێویستە تیۆر و حەقیقەتگەلێکی ڕوون و ئاشکرا و لۆژیکی بن، بەجۆرێک بتوانرێت دەستیان لێ بدرێت و هەستیان پێ بکرێت و تاقی بکرێنەوە و بە شێوازێکی زانستی وا دابڕێژرێن کە گوزارشت لە سروشت و بایەخە تیۆری و پراکتیکیەکانی بکات. کۆنت شتێکی دیکەشی دەخاتە سەر و دەڵێت: بەهەمان ئەو ڕێگەیەی لە دیاردە سروشتی و ماتریالیەکانی وەک دیاردە فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆژی و ئابووریەکان دەکۆڵینەوە و شیکاریان دەکەین، دەتوانین لە ڕاستی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بکۆڵینەوە و شیکاریان بکەین و پۆلێنیان بکەین (١٧).

شۆڕشی فەرەنسی و ئەو کاریگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کۆنت تیایاندا ژیاوە، هانی دابنچینەکانی کۆمەڵگەی نوێ دابنێت. ئەم شێوە کۆمەڵگە نوێیەش، پێویستە لەگەڵ ڕۆح و دەرکەوتە هاوچەرخەکان و نەفسیەتی گەلی فەرەنسی و سروشتی کێشەکانی کۆمەڵگە و ئەو پرەنسیپانەدا بگونجێن کە هەڵی گرتوون. لەبەرئەوە کۆنت چەند یاسایەکی کۆمەڵایەتی و ئاکاری و شەرعیی نوێی دانا تا کۆمەڵگەی فەرەنسی لەسەریان بڕوات. ئەم یاسایانەشی لە چەند زانستێکەوە

وەرگرت، گرنگترینیان زانستەکانی سیاسەت و ئابووری و یاسا و دەروونناسی بوون. ئەم یاسایانەش پەیکەری بابەتی و میتۆدی زانستە نوێکە (سۆسیۆلۆژیا) یان پێک هێنا، ئەو زانستەی پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١. ئەو زانیاری و حەقیقەتانەی ئەم زانستە پێک دەهێنن، پێویستە بە پلەیەکی بەرز ورد و بابەتی تەواو و ڕێکخراو بن (١٨).

٢. پێویستە زانستە نوێکە، بەدوای چەند ڕێگەیەکی نوێدا بگەڕێت کە بتوانرێت لە توێژینەوەی زانستیدا پشتیان پێ ببەسترێت، ئەو توێژینەوەیەی یارمەتیی پەرەسەندنی زانستەکە و جێگیربوونی دەدەن لەناو زانستەکانی دیکەدا.

٣. پێویستە سۆسیۆلۆژیا ڕێسایەکی ڕێکخراو و چەند بنچینەیەکی زانستیمان پێ ببەخشێت، بۆ لێکۆڵینەوە و شیکارکردنی پرۆسەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی.

٤. پێویستە زانستە نوێکە توانای شیکارکردن و ڕاڤەکردنی تیۆر و یاساکانی ئایینە ئاسمانی و نموونە باڵاکان و ئاکار و بەهاکانی هەبێت.

٥. پێویستە تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان، توانای گۆڕانیان هەبێت بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕەفتارییەکان (١٩).

# میتۆدی توێژینەوە

کۆنت دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیای تەواو کرد، وای بینی، ئەم زانستە پێویستی بە گۆڕانێکی گشتگیر هەیە لە شێواز، یاخود میتۆدی توێژینەوەدا. واتە پێویستی بە میتۆدێکی نوێ هەیە کە لەگەڵ وێنەی نوێی سۆسیۆلۆژیادا بگونجێت. ئەو زانستەی ئامانجی هەوڵدانە بۆ هێنانەدی یەکێتیی مەعریفی مرۆیی، بۆ زاڵبوون بەسەر پەشێویی عەقڵیدا، بەڵام وەک کۆنت باسی لێوە کردووە، بوارەکانی گۆڕان لەو میتۆدەدا کە سۆسیۆلۆژیا پشتی پێ دەبەستێت، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١. دیاردە گەردوونیەکان، بە دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیشیەوە، مل بۆ ڕێگەیەکی ئایینی میتافیزیکی کەچ دەکەن، کە بەهۆی بیروباوەڕی خەڵکیەوە لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدا لەلایەن چەند هێزێکی نائاساییەوە کاری تێ دەکرێت. ئێستا پێویستە بەپێی یاسای (پۆزەتیڤیزم) لە دیاردە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکان بکۆڵرێتەوە، بۆ گەیشتن بە یاسایەکی زانستی، ئەمەش مەرجی سەرەکیی میتۆدی توێژینەوەیە لای کۆنت.

٢. مادام فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم لەسەر ملکەچکردنی خەیاڵ و وێناکردنی تێبینیکردن دادەمەزرێت، بۆیە پێویستە دەستبەرداری خەیاڵ و وێناکردنی فەلسەفی بێت بۆ دیاردەکان، هەروەها دەستبەرداری ئەو کەموکورپیەش بێت کە لە گونجاندنی ئەو دیاردانەدا هەیەتی کە مرۆڤ تێبینیان دەکات و سیستەمەکەشی رێک بخرێتەوە، یاخود گەڕانەوە بۆ خەیاڵ لەپێناو دۆزینەوەی مەسەلە نوێکان لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا.

٣. فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم ئامانجی دیاریکردنی ئەو پەیوەندییەیە کە بەپێی یاسا زانستیەکان، دیاردەکان بە یەکدییەوە دەبەستێتەوە، لە کاتێکدا میتۆدە کۆنەکان بیرۆکەیەکی ڕوونمان لەسەر ئەو پەیوەندیانە پێ نابەخشن کە دیاردەکان بە یەکدییەوە دەبەستن.

٤. میتۆدە کۆنەکان پەنایان دەبردە بەر مانا ڕەهاکان و پرەنسیپە گشتیەکان و هۆکارە سەرەکیەکان، لە کاتێکدا فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم و لقەکانی، ئامانجیان بچووککردنەوەی بازنەی مانا ڕەهاکانە، وەک ڕێخۆشکردنێک بۆ مانا ڕێژەییەکان (٢٠). ئەم وەرچەرخانەش لە ڕەهاوە بۆ ڕێژەیی وەک بەرهەمێکی پڕ بایەخی هەوڵەکانی عەقڵ هەژمار دەکرێت، لە پەرەسەندنی لە حاڵەتی تیۆلۆژی و میتافیزیکەوە بۆ حاڵەتی پۆزەتیڤیزم. لەبەرئەوە زانست و میتۆد و ئامرازەکانی توێژینەوە،

ئەم نەرمی و وردیەیان وەرگرت و زیاتر لەگەڵ خواستەکانی سەردەمدا دەگونجان.

کۆنت ڕەخنەی لە میتۆدەکانی زانستی تاک، یاخود دەروونناسی تاکە کەسی گرت، چونکە ئەم میتۆدانە توانای کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ڕاستییەکانیان نییە لەسەر سروشتی ڕەفتاری کارلێکی تاکە کەس، بەهۆی ئاڵۆزی و پەنهانی عەقڵی شاراوەی تاک. شیتەڵکاریی دەروونی، ناتوانێت تێی بگات و ئەو هێز و پرۆسێسە دەروونیانەش بگرێتە خۆ کە لە تاکدا خۆیان حەشارداوە، لەبەرئەوە پێویستە دەروونناسی تاکە کەس پشتگوێ بخرێت و دەروونناسی گروپی، یاخود زانستە گروپیەکان جێگەی بگرێتەوە، چونکە ئەم زانستە گرنگی بە کۆکردنەوە و شیکارکردنی ئەو حەقیقەت و دیاردانە دەدات کە پەیوەستن بە گروپەوە. کۆنت بڕوای وابوو ئەم حەقیقەت و دیاردە گروپیانەش، زۆر دروست و جێگیرن، چونکە لە چەند تاکێکەوە وەرگیراون نەک لە یەک تاکەوە. کۆنت بایەخیشی بە لێکۆڵینەوەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی داوە و هەوڵی داوە تیۆرێکی سەربەخۆی تایبەت بە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بوونیاد بنێت. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی تاکەکانەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بە پەیوەندی و هەڵسوکەوتی تاکەکان ئاشنا بێت و لێیان تێبگات، ئەم شێوە لێکۆڵینەوانەش دەتوانرێت لە ڕێگەی ئاراستەکردنی پرسیار و ئاشنابوون بە

وەڵامەکان و ڕێکخستنیان لە قاڵبێکی تیۆریی زانستیدا کە بایەخی خۆیان هەیە لە ڕاڤەکردنی پەیوەندییەکانیان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانیان و دیاریکردنی کێشە هەنووکەیی و داهاتووەکانیان ئەنجام بدرێت.

هەروەها دەتوانرێت شێوازی بینین بەکاربهێنرێت بۆ وەرگرتنی ئەم زانیارییە پڕ بایەخانە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکان و گروپەکان. کەواتە پێویستە تیۆری پۆزەتیڤیزم و لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییە زانستیەکان جێگەی تیۆلۆژی و فەلسەفە و میتافیزیک بگرنەوە. سەبارەت بەو میتۆدە زانستیانەی کۆنت لە لێکۆڵینەوەکانیدا پشتی پێ بەستوون، دابەشی کردوون بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا، ئەوانیش بریتین لە:

### ١. میتۆدە ڕاستەوخۆکان:

مەبەستی لەو هەنگاوە زانستیانەیە کە دەیگرینە بەر بۆ دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە سەرهەڵدان و پەرەسەندن و ئەرکەکانیاندا، ملیان بۆ کەچ دەکەن. ئەم هەنگاوانەش لای کۆنت، ڕێساکانی میتۆد پێکدێنن. میتۆدە ڕاستەوخۆکان پێکدێن لە: تێبینیکردن، ئەزموون، بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی و لە کۆتاییشدا میتۆدی مێژوویی (٢١).

## ٢. میتۆدە ناڕاستەوخۆکان:

ئەو میتۆدانەن کە لەو پەیوەندییە پێویستانەوە بەرهەم دێن کە سۆسیۆلۆژیا بە زانستەکانی دیکەی زانستە وەزعیەکانەوە دەبەستێت، وەک: دەروونناسی و مێژوو و جوگرافیا و ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و ... هتد. کە وەستان لەسەر ئەنجام و ڕاستییەکان ئاسانە بۆی و گرنگی و بایەخی تایبەتیان هەیە لە مەیدانی توێژینەوەدا لە بوارەکانی سۆسیۆلۆژیادا.

ئێستاش هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەو میتۆدە ڕاستەوخۆیانە شی بکەینەوە کە کۆنت لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکانیدا بەکاری هێناون، ئەوانیش:

### ١. تێبینیکردن (Observation):

تێبینیکردن، وەک هەندێک وێنای دەکەن شتێکی ئاسان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە. ئێمە لە بواری کۆمەڵایەتیدا، دەڵێین خووەکان و چۆنیەتی مومارەسەکردنیان، دەبینین؟، هەروەها نەریتەکان و چۆنیەتیی ڕێزگرتنیان دەبینین؟ نۆرمەکان و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لەنێوان ڕکەبەرەکاندا دەبینین؟ لە بـواری سروشتیشدا جێگەی خۆر و کاریگەریی سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا، دەبینین لەسەر مانگ... هتد. گشت ئەم تایبەتمەندییانە لە زەینی کۆنتدا ڕوون و ئاشکرا

بوون، ئەوە نەبێت کە کۆنت، شتێکی نوێی خستە سەر، ئەویش شیکارکردن و بەراوردکردنی زمانەکان و وەستان لەسەر بەڵگەنامە و تۆمارە دێرینەکان و لێکۆڵینەوەیە لە یاسا و سیستمە سیاسی و ئابووریەکان... هتد. کۆنت ئاماژەی داوە بە دیاردە کۆمەڵایەتییە زۆر ئاڵۆزەکان و زۆر گۆڕاوەکان و بەردەوام کارلێککردووەکان. لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی کۆمەڵایەتی بە زۆر یەدەک دەورە دراوە، بەڵام تێبینیکردن لە ڕوانگەی کۆنتەوە، ڕەگەزێکی سەرەکی نییە لە ڕەگەزەکانی توێژینەوەی زانستی، بەڵکو ڕەگەزێکی یارمەتیدەرە. لەبەرئەوە ناتوانرێت تەنها پشت بە تێبینیکردن ببەسترێت و وەک شێوازێک لە شێوازەکانی دۆزینەوەی زانستیانەی دیاردە و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان هەژمار بکرێت.

## ٢. تاقیکردنەوە (Experiment):

کۆنت مەبەستی لە تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتیە، کە بایەخ بە بەراوردکردنی دوو دیاردە دەدات، کە لە گشت گۆڕاوەکاندا لە یەک دەچن و تەنها لە یەک گۆڕاودا جیاوازن. جیاوازیەکەشیان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەتەی کە جیاواز دەبن بەهۆیەوە (٢٢). تاقیکردنەوە بەم تایبەتمەندیانە، جیاوازە لەو تاقیکردنەوەیەی لەمیانەی لێکۆڵینەوەی دیاردەی سروشتی، یاخود کیمیایی، یان بایۆلۆژییەکاندا بەکاردێت. تاقیکردنەوەی سروشتی، پارێزگاری لە

جێگیریی چەند گۆڕاوێک دەکات و خۆتێهەڵقورتاندنی گۆڕاوێک لە یەک هۆکاردا. پاشان کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییە دەپێوێت کە بەسەر یەک هۆکاردا هاتووە لەسەر هۆکارەکانی دیکە. لە کاتێکدا تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتی، بایەخ بە لەیەکچوونی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەدات لە چەند گۆڕاوێکی دیاریکراودا و جیاوازییان لە یەک گۆڕاودا، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی فاکتەری جیاواز لەسەر گشت دیاردەکان.

ئەگەر سروشتی کۆمەڵایەتیی ئەم شێوە تاقیکردنەوە ڕاستەوخۆیانەی پێ نەبەخشین، ئەوا زۆر تاقیکردنەوەی ناڕاستەوخۆی بۆ دابین کردووین. ئەمەش لە حاڵەتی پاسالۆژی، یاخود ئەو نەخۆشیانەدا دەردەکەوێت کە تووشی لاشەی کۆمەڵگە دێن، وەک: فیتنە و ململانێ و دابەشبوون و یاخیبوونەکان، کە زۆرجار هۆکارەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوونی یاسا ستاتیک و دینامیکیەکان بە هۆکاری لەناکاو و چەند شەپۆلێکی کاتی. هەروەک چۆن چارەسەری پزیشکی زاڵ دەبێت بەسەر نەخۆشییە لاشەییەکاندا، ئەوا چارەسەری کۆمەڵایەتیش زاڵ دەبێت بەسەر نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکاندا. ئەم بیروباوەڕەش پاڵی پێوە نا، بۆئەوەی بڵێت، پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتی بەر لە هەموو شتێک پزیشک بێت (٢٣).

## ٣. بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی (Comparison):

لەسەر بەراوردکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکان بە یەکدی دادەمەزرێت، بۆ وەستان لەسەر ڕووە لەیەکچوو و جیاوازەکانی نێوانیان. دیاردەیەک لە کۆمەڵگەیەکدا جیاواز دەبێت لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا لەڕووی گەشەکردن و پەرەسەندن و ئەرکەوە. بەراوردکاری، شێوەی ئەو جیاوازیانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. بەراوردکاری لەنێوان بەشێک، یاخود هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەکاندا ئەنجام دەدرێت، وەک: بەراوردکردنی چینێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ چینێکی دیکەی کۆمەڵگەدا، یاخود بەراوردکردنی هەموو کۆمەڵگە بە کۆمەڵگەیەکی دیکە بۆ وەستان لەسەر بڕی پێشکەوتن، یاخود دواکەوتنی ئەم دوو کۆمەڵگەیە (٢٤). جۆری بەراوردکردنەکە و ئەو ڕووکارانەش کە پشتیان پێ دەبەستێت، هەر شێوەیەک بن. پێویستە ڕەچاوی ئاستی پێشکەوتن و شارستانی بوون و ئاستی گوزەران و پێوانەکانی ئاکار و حەزی گشتی و جیاوازیی شێوازەکان و گشت ئەو شتانە بکرێت کە کار دەکەنە سەر دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە هەردوو بواری بەراوردکردنەکەی نێوانیاندا.

## ٤. میتۆدی مێژوویی (Historical Method):

بنچینەی چوارەم و کۆتاییە لە میتۆدی پۆزەتیڤیزم لای کۆنت. مەبەستی لەم میتۆدە ئەوەیە، کە ئەو یاسا بنچینەییانە دەدۆزێتەوە کە حوکم بەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی ڕەگەزی مرۆییدا دەکەن، بەوپێیەی ئەم ڕەگەزە یەک یەکەیە کە قۆناغ دوای قۆناغ و بەشێوەیەکی باڵا دەگوازرێتەوە (٢٥). هەروەها کۆنت ئەرکی ئەم میتۆدەی بەستۆتەوە بە یاسای سێ قۆناغەکەی خۆی کە بانگەشەی ئەوەی کرد مێژووی شیکاری مرۆییە و هەڵیهێنجاوە. ڕوون و ئاشکرایە، ئەرکی ئەم میتۆدە، ئەرکێکە دەچێتە ناو بواری فەلسەفەی مێژووییەوە. هەروەها ئەم یاسایەشی گوزارشتێکە لە بیروڕایەکی کەسی و ناچێتە بواری زانستەوە.
لێرەوە کۆنت لە مانایەکی فەلسەفیی دوور لە سروشتی شتەکانەوە، زیاتر هیچی تر لە میتۆدی پۆزەتیڤیزم تێنەگەیشتووە، و ناکرێ ببێتە هۆی دۆزینەوەیەکی زانستی کاتی. بەمەش دەتوانین بڵێین، کۆنت نەیتوانیوە میتۆدێکی پۆزەتیڤیزمی گونجاو بۆ توێژینەوەکانی ئەو زانستە نوێیە دابنێت کە بانگەشەی بۆ دەکرد.

# جێگیری یان ستاتیکی کۆمەڵایەتی
# (Social Static)

مەبەستی کۆنت لە جێگیری، یاخود ستاتیکی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکانە، لێکۆڵینەوەیەک کە دەچێتە وردەکاری و بەش و ڕەگەز و سیستەمەکانیەوە لە حاڵەتی جێگیریدا، بەمەبەستی وەستان لەسەر ئەو یاسایانەی بەیەکەوەبەسترانی بەڕێوە دەبەن و کار بۆ هەماهەنگی دەکەن (٢٦).

کۆنت لەمیانەی شیکارکردنی جێگیری و ستاتیکی کۆمەڵگەوە ڕەگەزەکانی کۆمەڵگەی دیاری کردووە کە لە تاک و خێزان و دەوڵەت پێک دێن. خودی تاک، وەک ڕەگەزێکی کۆمەڵایەتی هەژمار ناکرێت، ئەگەر کارلێک لەگەڵ ئەوانی دیکەدا نەکات و لەگەڵیاندا هەماهەنگ نەبێت، لە شێوەی گروپ و ڕێکخراوی هاوبەنددا. هەروەها گروپ، یاخود ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیش دەرناکەوێت و کارا و بەهێز نابێت، تەنها بە بوونی چەند تاکێک نەبێت کە بدەنە پاڵی، بۆیە کۆنت بەوە کۆتایی بەم شیکارەی دەهێنێت کە تاک بە تەنها هیچ شتێک

نییە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا تەنها دوای تێکەڵبوون و کارلێککردنی عەقڵەکان نەبێت لەگەڵ یەکدیدا. کارلێکی عەقڵەکانیش لە ناوەندێکی تاکە کەسیدا نایەتە دی، بەڵکو لە ناوەندێکی دەستەجەمعیدا دێتە دی. ڕەنگە خێزان ئەو ناوەندە بێت کە ئەم کاروبارانەی تێدا ڕوودەدەن.

لەبەرئەوە کۆنت، مەبەستی لە ستاتیکی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی نێوان دیاردەکان و پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان و یەکدی تەواوکردنیان لەمیانەی خاڵێکی زەمەنی دیاریکراودا و بەیەکداچوونی دامەزراوەکان و بەجێهێنانی ئەرکە دیاریکراوەکانیانە لەپێناو بەردەوامیی گشتیی کۆمەڵایەتیدا. تەواوکاری دامەزراوەکانیش لە کۆبوونەوەیان و هاوبەندییاندا بەرجەستە دەبێت، لەپێناو خزمەتکردن بە تاک و گروپەکان. کەواتە ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوا بەشەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە دەبەسترێن و هاوبەندی یەکدی دەبن، بەجۆرێک هەموو کۆمەڵگە یەک دەگرێت و دەتوانێت ئامانجە سەرەکیەکانی بەدی بهێنێت.

کۆنت بڕوای وایە، ئەگەر بەرپرسان گرنگی بە چاکسازیی سێ سیستمی کۆمەڵایەتیی سەرەکی نەدەن و ڕەچاویان نەکەن، ئەوا هەماهەنگی کۆمەڵایەتی نایەتەدی. ئەو سێ سیستمەش بریتین لە سیستمی پـــەروەردەو فێرکردن، سیستمی خێزان و سیستمی سیاسی (٢). فێرکردن ڕەمەکە

سروشتییەکان کۆنترۆڵ دەکات و بەسەریاندا زاڵ دەبێت و وزەکانیان دەگۆڕێت بۆ چەند دەرچەیەک کە خزمەت بە شارستانیەت و کۆمەڵگە دەکەن. هەروەها هەست و سۆزی مرۆیی پەروەردە دەکات و وێناکردن و دەرککردن و بڕیارەکانی تاک پەرە پێ دەدات و سیستمە بەهایی و ئاکاریەکانی لا ڕەونەقدارتر دەکات. بەمەش سنوورێک بۆ خۆپەرستی تاک دادەنێت و پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بەرەو بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بەجۆرێک گروپ لە ئارامی و ئاشتیدا دەژین.

بەڵام خێزان لەمیانەی پرۆسێسەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون و پەروەردەی ئاکارییەوە کە ئەرکی سەرشانیەتی هەڵدەستێ بە بەهێزکردنی سۆزی خۆشویستنی ئەوی دیکە و خۆپەرستیی تاک دەگۆڕێت بۆ خۆشەویستیی گروپ. هەروەها خێزان سەرچاوەی زیادبوونی دانیشتووانە لە ڕێگەی سیستمی هاوسەرێتییەوە، وە سەرچاوەی ڕێکخستنی ژیانی سێکسیشە لە کۆمەڵگەدا.

سیستمی سیاسیش وەک کۆنت دەڵێت، بەرپرسە لە چەند ئەرکێکی سەرەکی، گرنگترینیان دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی فەرمانڕەوایە بەرامبەر گەل و ڕێکخستنی ئەو خزمەتگوزاریانەی دەوڵەت پێشکەشی بە تاکەکانی دەکات، هەروەها سەرپەرشتیکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و

واژۆکردنی پەیماننامە و بڕیارەکانی بەرپاکردنی جەنگ و سەربازگیری. لە کۆتاییشدا دەوڵەت بەڵێنی کۆتاییهێنان بە ناکۆکیەکانی نێوان تاکەکان و گروپەکان دەدات بۆ پاراستنی یەکێتی و هاوبەندی کۆمەڵگە.

بەپێویستی دەزانین لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە چەند بەشێک یاخود سیستمێکی یەکدی تەواوکەریش بکۆڵینەوە، کە بوونیادی کۆمەڵایەتییان لێ پێکدێت و دەبنە هۆی جێگیری و وابەستەیی و بەهێزی بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکان. گرنگترین ئەو سیستمانەش بریتین لە خێزان، پەروەردە و ئایین، کە کۆنت وەک پێکهێنەری سەرەکیی جێگیری، یاخود ستاتیکی کۆمەڵایەتی هەژماری کردوون و لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (میتۆدی سیاسەتی پۆزەتیڤیزم)دا باسی لێوە کردوون.

کۆنت، بڕوای وایە خێزان بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاکاری تاکە کەسە. لەناو خێزاندا چاکە کۆمەڵایەتیەکان دروست دەبن و لە ڕێگەی پرۆسەکانی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە دەگوازرێنەوە بۆ تاکەکان. خێزان ئاکار و بەها و نمونە باڵاکانی لە کۆمەڵگەوە وەردەگرێت، پاشان بەهۆی ئەو ڕۆڵەوە کە هەیەتی ئەمانە دەگوازێتەوە بۆ تاکەکان، تاکو ئیستیعابیان بکەن و بەگوێرەیان هەڵسوکەت بکەن (٢٨). لەبەرئەوە خێزان ئەڵقەی گەیەنەرە لەنێوان تاک و کۆمەڵگەدا. سەرەڕای

ئەمەش کۆمەڵگە لە چەند خێزانێک پێک دێت کە کارلێک لەگەڵ یەکدیدا دەکەن و هاوکاری یەکدی دەکەن لەپێناو هێنانەدی ئامانجە دوور و نزیکەکانی کۆمەڵگەدا. ئەگەر خێزان دروست و کارا بێت، ئەوا کۆمەڵگەش دروست و کارا دەبێت، وە ئەگەر خێزان نەخۆش و شیرازەپچڕاو بێت، ئەوا بێگومان کۆمەڵگەش تووشی نەخۆشی و شیرازەپچڕان دێت، بەڵام چاککردنی سیستمی خێزان، پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی سێ سیستم هەیە، ئەوانیش:

١. سیستمی پەروەردە.
٢. سیستمی ئاکار.
٣. سیستمی ئایین.

کۆنت ڕوونی کردۆتەوە کۆمەڵگە پێویستی بەوەیە کە سیستمێک لە سیستمەکانی پەروەردەی پۆزەتیڤیزم جێگەی تیۆرە فەلسەفییە ڕووتەکان بگرێتەوە، پێویستە ئەم سیستمەش لەسەر لێکۆڵینەوەی حەقیقەتی زانستە پۆزەتیڤیزمەکان و لەسەر چەند بنچینەیەکی پراکتیکی دوور لە چەقبەستوویی و نەزۆکی هزری و دوور لە جیاکاری و دووبەرەکی نێوان کوڕان و کچان دادەمەزرێت (٢٩). پێویستە سیستمی پەروەردە بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بکرێت، ئەوانیش بریتین لە قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و باڵا. پێویستە ئەم قۆناغانەش هاوبەندی و تەواوکەری یەکدی بن و ئامانجیان ئامادەکردنی گونجان بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و پراکتیکیان.

هەروەها خێزان پێویستی بە سیستمێکی ئاکاری هەیە، لەو زانستی ئاکارەوە، وەردەگیرێت کە ئامانجی دۆزینەوەی یاسا ئاکاریەکان و ڕوونکردنەوەی بایەخە کۆمەڵایەتیەکانی ئەویاسایانەیە. دروستبوونی زانستی ئاکاریش لە سەرەتادا پێویستی بە بوونیادنانی سۆسیۆلۆژیای پۆزەتیڤیزمە، کە هەڵگری ئاکارێکی وەرگیراوە لە ئایینی مەسیحیەوە، بەتایبەت پرەنسیپی (بۆ ئەوانی دیکە بژی) کە دەبێتە هۆی هەستکردن بە بەشدارییە ویژدانییەکانی نێوان تاکەکان و گروپە جیاوازەکان. کۆنت لە دەرسگوتارەکانیدا ڕێی لە بەها ڕۆحیەکان گرتووە و بڕوای وابووە جیهان ناگەیەننە هیچ حەقیقەتێکی پۆزەتیڤیزمی وا، کە لەسەر بنچینەیەکی زانستی دامەزرابێت (٣٠).

لە کۆتاییشدا خێزان پێویستی بە ئایینێک هەیە کە پشت بە هەستی مرۆیی دەبەستێت و پرەنسیپەکەشی بریتیە لە خۆشەویستی و بنچینەکەشی بریتی دەبێت لە سیستم و ئامانجەکەشی پێشکەوتن دەبێت (٣١).

بە زیندووکردنەوەی یادی ئەو پیاوە مەزن و فەیلەسووفانە، کۆتایی بە شیکارە ئایینیەکەی دەهێنێت کە چەند کارێکی مەزن و خزمەتگوزارییەکی بێ سنووریان پێشکەش بە ڕەگەزی مرۆیی کردووە، بەڵام ئەو ئایینە مرۆییەی کۆنت بانگەشەی بۆ کرد، ئایینێکە جەخت لەسەر ڕۆڵی ئاکار و بەها و پرەنسیپەکان دەکاتەوە لە باشکردنی ڕەفتاری مرۆیی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە

مرۆڤەکانی دیکەوە. هەروەها کۆنت گرنگترین ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتیانەشی ڕوون کردۆتەوە کە ئایین پێیان هەڵدەستێت بەرامبەر مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی. ئایین قـــەوارەی خـێـزان لـە کۆمەڵگەدا بەهێز دەکـات و بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی شێوازە پەروەردەییەکانیدا دەکات و وای لێ دەکات بە ئاکار و کارە باشەکانەوە پەیوەست بێت.

# دینامیکیەت و گۆڕان
# (Social Dynamic)

دینامیکیەت بریتیە لە لێکۆڵینەوەی یاساکانی بزاوتی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی ئۆتۆماتیکیی کۆمەڵگە مرۆییەکان و دۆزینەوەی چەندێتیی ئەو پێشکەوتنەی مرۆڤایەتی لە گەشەکردن و پەرەسەندنیدا بڕیویەتی. تیۆری کۆنت دەربارەی دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی، پشت بە دوو بیرۆکەی سەرەکی دەبەستێت، ئەوانیش بیرۆکە یاخود یاسای سێ قۆناغەکە لەگەڵ بیرۆکەی یاخود یاسای پێشکەوتنی مرۆیین (٣٢). لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەم دوو بیرۆکەیە بخەینە ڕوو. یاسای سێ قۆناغەکە کە کۆنت دایهێنا و لەمیانەیەوە بزاوتی مێژوویی کۆمەڵگەکانی ڕاڤە کرد، پشت بەو میتۆدە مێژووییەی دەبەستێت کە لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکانیدا سەبارەت بە سیستەم و زانستەکان و هونەر و کۆمەڵگەکاندا گرتویەتیە بەر.

کۆمەڵگەی مرۆیی و ئەو زانستانەی مرۆڤ پێیان ئاشنا بووە و هەموو ئەو شتە ماتریالی و ناماتریالیانەی لە کۆمەڵگەدا هەن، بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕ دەبن، ئەوانیش:

١. قۆناغی لاهوتی ئایینی

(Theological Stage):

ئەم قۆناغە بە گرنگی و کاریگەریی ڕوون و ئاشکرای ئایین جیادەکرێتەوە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، هەروەها زاڵبوونی ئایین بەسەر ڕاڤەکارییەکانی زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحیەکاندا٣٣. لەمیانەی ئەم قۆناغەدا کە کۆمەڵگەی مرۆیی تیایدا دەژی، سۆز و هەڵچوونەکان، هزری خەڵکی کۆنترۆڵ دەکەن، ئەمەش وایان لێدەکات لە هێزێکی ئاسمانی گەورە بترسن. هەر لەم قۆناغەدا بەها و هزر و نموونەگەلێکی باڵا سەرهەڵدەدەن و وا لە مرۆڤ دەکەن هەست بە لاوازی و بچووکی و بێ توانایی خۆی بکات بەرامبەر کاریگەری و گۆڕان، بەڵام دوای ماوەیەک، ئەم قۆناغە وەردەچەرخێت بۆ قۆناغێکی بەرزتر، ئەویش قۆناغی فەلسەفەی نموونەیی، یاخود قۆناغی میتافیزیکییە.

**٢. قۆناغی فەلسەفەی نموونەیی، یاخود میتافیزیکی** (Metaphysical Stage):

ئەم قۆناغە، بە بیرکردنەوەی ماوسەنگ و نموونەی زیندوو و حوکم و ڕەوانبێژیی فیکری د پاڵەوانێتییەکان و وتە بریقەدارەکان کە هیچ مانا و دەلالەتێک ناگرنە خۆ دەناسرێتەوە (٣٤).

## ٣. قۆناغی زانستی، یاخود پۆزەتیڤیزم (Positivism Stage)

بیریاران لەم قۆناغە مێژووییەدا سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوون لە گەردوون و تاوانە ئاسمانییەکان و بەهرەکانی مرۆڤایەتی و تواناکانی داهێنان و ئەو بیرۆکانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن پێویستە ئەم زانستە (سۆسیۆلۆژیا) بخرێتە هەرەمی زانستەکانەوە و لە ترۆپکی ئەو هەرەمەدا دابنرێت، بەهۆی تازەیی و ئاڵۆزی و گرنگی ئەم زانستەوە لە لێکۆڵینەوەی مرۆڤ و ژینگەکەیدا، بەڵام وەک کۆنت ئاماژەی بۆ دەکات، هەرەمی زانستەکان مێژوویەکی کۆنی هەیە و ئەو ماوە زەمەنی و مێژووییانە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم زانستانەیان تێدا دەرکەوتووە. زانستەکانی وەک گەردوونناسی و ماتماتیک، دەکەونە بنکی هەرەمەکەوە و دەبنە بنچینەی بوونیادنان و پەیکەری هەرەمەکە بەرەو سەرەوە، لە کاتێکدا زانستەکانی دیکەی وەک فیزیا و کیمیا دەکەونە سەروو زانستەکانی بنکی هەرەمەکەوە. پاشان زانستە ژیانییەکان دێن، وەک زانستی ئاژەڵ و ڕووەک. سۆسیۆلۆژیا دەکەوێتە ترۆپکی ئەم هەرەمەوە، کە کۆنت بە (زانستی زانستەکان) ناوی دەبات، ئەو زانستانەی دەکەونە بنکی هەرەمەکەوە، زانستە سادەکانن و زنجیرەیەکی ڕوونن لەڕووی حەقیقەت و زانیاری و گریمانە و یاسا گشتگیرەکانیانەوە (٣٥). وە تاوەکو

له بنکی هەرەمەکەوە بەرەو سەرەوە هەڵکشێین زانستەکان ئاڵۆزتر و قورستر دەبن، بەهۆی فرەیی زانیاری و حەقیقەتەکانیان و ئاڵۆزبوونی هۆکار و ئەنجامی دیاردەکانیان و بەربڵاوبوونی گریمانە و تیۆرەکانیانەوە. پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین، ئەو زانستانەی لەم هەرەمەدا بەسەر چەند چینێکدا دابەش کراون، هەریەکەیان پەیوەستە بەوی دیکەوە، ئەم پەیوەستبوونەشیان ئاماژە بۆ کاملی زانستەکان و یەکبوون و بایەخیان دەکات لە زاڵبوون بەسەر کێشەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا.

بەڵام سۆسیۆلۆژیا ترۆپکی هەرەمەکە دەگرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەم زانستە لە بوونیادنانی ئەو تیۆر و یاسایانەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ڕاڤە دەکەن و ڕێساکانی ڕەفتار و پەیوەندییەکان دادەڕێژن و فاکتەرەکانی جێگیری و دینامیکیەتی کۆمەڵگە ڕوون دەکەنەوە و هۆی کێشەی گروپەکان دەردەخەن و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیشیان دەخەنە ڕوو.

کەواتە یاسای سێ قۆناغەکە ئەوە دەگەیەنێت کە هەر بوارێک لە بوارەکانی مەعریفە لە پەرەسەندنیدا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە: قۆناغی لاهوتی، قۆناغی میتافیزیکی و قۆناغی پۆزەتیڤیزم، بەڵام زانستەکان بەیەکەوە لە قۆناغێکەوە نەچوونەتە قۆناغێکی دیکە. تاوەکو شوێنگەی زانستەکە لە هەرەمی زانستەکاندا بەرزتر بێت، درەنگتر وەردەچەرخێت

و لە قۆناغێکەوە دەچێتە قۆناغێکی دیکە، ئەمەش بارودۆخێکە هەر دەبێت وابێت، چونکە لە سەرەتادا زانستە سادە و ساکارەکان پەرە دەسێنن و گەشە دەکەن، بەڵام زانستە ئاوێتەکان درەنگتر پەرە دەسێنن. کۆنت بڕوای وابوو هەموو بوارەکانی مەعریفە، گەیشتوونەتە قۆناغی پۆزەتیڤیزم (٣٦).

بە بڕوای کۆنت، یاسای سێ قۆناغەکە لە تەنها پرەنسیپێک زیاترە کە پێشکەوتنی مەعریفە بەڕێوە دەبات، تاک لە پەرەسەندن و پەروەردەبوون و فێربوونیدا بەهەمان شێوەی کۆمەڵگەی مرۆیی، بەم سێ قۆناغەدا دەڕوات. هەریەک لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی پۆزەتیڤیزم و ڕێکخستن پشت بە بوونی زانیاری دەبەستن، لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، بە گوزارشتێکی دیکە، دەتوانین بڵێین (دۆزینەوە گەورەکەی ساڵی ١٩٢٢ز) شایەنی ئەوەیە ببێتە بیرۆکەی پێشەوا و ئاراستەکەری دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی فەرەنسی، کە شۆڕش هەژاندبووی.

کۆنت تیۆرە سۆسیۆلۆژیەکەی کە تایبەت بوو بە فاکتەرەکانی پێشکەوتنەوە، خستە ڕوو و وتی: «پێشکەوتن دیاردەیەکە لە گشت لایەنەکانی کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێت، لێرەدا پێشکەوتن دەبێتە پێشکەوتنێکی ماتریالی و ئاکاری و عەقڵی و سیاسی» (٣٨). دەبێت ئەوەش بزانین، لایەنی عەقڵیی پێشکەوتن، لایەنێکی بنچینەیی و دیارە،

گەشەکردنی هزرەکان و بەربڵاوییان مێژوو بەڕێوە دەبەن. گەشەکردنی عەقڵی وەک کۆنت بڕوای پێیەتی، زۆرجار دەبێتە هۆی گەشەکردنی ماتریالی و دەیوروژێنێت.

ئەوە تێبینی دەکەین، شیکارکردنی فاکتەرەکانی پەرەسەندن لەلایەن کۆنتەوە، ناچاری کردووە لەو فاکتەرانەش بکۆڵێتەوە کە گەشەکردنی عەقڵی پشتیان پێ دەبەستێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کێشەیەی بێ چارەسەر هێشتۆتەوە. ئەوە نەبێت کۆنت گریمانەی ئەوەی کردووە، فاکتەرە سەرەکی و بەرپرسیارەکانی پەرەسەندنی عەقڵی لەو وەڕسی و بێزارییەدا خۆیان دەبیننەوە کە هانی هەوڵی زیاتر دەدەن لەپێناو نوێبوونەوەدا (٣٨)، بەڵام کۆنت لە تاوتوێکردنی فاکتەرەکانی پێشکەوتندا، بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر زیادبوونی چڕی دانیشتووان دەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی زیاتری پسپۆڕی و کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی، ئەمەش وا لە خەڵک دەکات بەپەرۆشەوە هەوڵی زیاتر بدەن بۆ دابینکردنی بوون و مانەوەیان. لەم قۆناغەدا ئەرکی کۆمەڵگە ڕێکخستنی ئەو هەڵوێستانە دەبێت کە لە جیاوازییە زۆرەکانی نێوان تاکەکانەوە سەرهەڵدەدەن (٣٩).

لە کۆتاییشدا کۆنت کێشەی جیاوازیی خێرایی پێشکەوتن تاوتوێ دەکات. کۆنت ئاگای لەوە بووە کە بەڵگەکانی و سروشتی هەڵبژاردنی

دەرئەنجامەکانی وەک پێویست نین، ئەم جیاوازیی خێرایی پێشکەوتنەی گەڕاندۆتەوە بۆ تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی ڕەگەزەکان و جیاوازیی کەشوهەوا و زەوی و بارودۆخی سیاسیی هەرێمەکان و پاشخانی مێژوویی کۆمەڵگەکان و ئەو کەسایەتیانەی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان و بوژانەوەیاندا دەردەکەون (٤٠).

کۆنت یاساکەی سەبارەت بە پێشکەوتنی مرۆیی دادەنێت، ڕەوتی مێژوویی مرۆڤایەتی بەرەو ئەو ئامانجانەی هەنگاو دەنێت کە پلانیان بۆ دانەڕێژراوە. هیچ هێزێک نییە لەسەر زەوی بتوانێت بەپێچەوانەی ئەم ڕێڕۆیشتنەوە بڕوات، یاخود لە ڕوویدا بوەستێت، بەڵام کۆنت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەرەسەندن بە ڕێگە دیاریکراوەکەی خۆیدا دەڕوات. لێرەوە پێشکەوتن بەپێی پلانێکی ڕێک ناڕوات، بەڵکو بەپێی چەند لەرینەوەیەکی جیاواز و نایەکسان بەڕێوە دەچێت (٤١)، بەڵام ڕەوتی مێژوویی کۆمەڵگەکان هاوشانە لەگەڵ پێشکەوتنێک کە لە دوو ڕووکاری سەرەکیدا بەرجەستە دەبێت، ئەوانیش:

### ١. پێشکەوتنی ماتریالی کۆمەڵگە:

خێراییەکی بەمێزی هەیە، ئەگەر بەراوردی بکەین بە پێشکەوتنی نموونەیی، سەرەڕای ڕوون و ئاشکرایی ئەم تەرزەی پێشکەوتن و پارێزراوی سەریەخۆییەکەی.

### ٢. پێشکەوتن لە سروشتی بایۆلۆژی و عەقڵی مرۆڤدا:

پێشکەوتنی بایۆلۆژی، بووە هۆی زیادبوونی تەمەنی مامناوەندیی مرۆڤ و تایبەتمەندییە بایۆلۆژیەکانی مرۆڤیش باشتر بوون و بەدرێژایی چاخەکانیش زیادیان کرد. لە کاتێکدا پێشکەوتنی عەقڵی، بووە هۆی دۆزینەوەی ئامرازی نوێ بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤ، بەوپێیەی عەقڵ یاخود زیرەکی، گوزارشتە لە ئامێرێکی گشتی و دەتوانرێت بەشێوەیەکی ڕەها بەکاربهێنرێت بۆ فراوانکردنی سنووری خۆتێهەڵقورتاندنی مرۆڤ و سەرپەرشتیکردنی گەردوون و ڕووکارەکانی لەلایەن مرۆڤەوە (٤٢). ئەم ڕووکارەی پێشکەوتن بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی پێویستن، چونکە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە بواری سیاسی یاخود فیکری یان ئاکاریدا، ناتوانرێت لە پێشکەوتنی ماتریالی جیابکرێتەوە، ئەمەش بەهۆی کامڵی تەواوی

نێوان هەردوو لایەنی نموونەیی و لایەنی ماتریالی کۆمەڵگەدا.

کەواتە پەرەسەندنی مرۆڤایەتی وەک کۆنت دەیبینێت، پەرەسەندنێکە ڕووەو باشتر و چاکتر، ئەوە نەبێت ئەم پەرەسەندنە پەرەسەندنێکی لەسەرخۆ و شەکەتکەرە و پڕە لە بەرەنگاربوونەوە و تەنگوچەڵەمە، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر تاکەکان و حکومەتەکان، ئەم بەرەنگاربوونەوە و تەنگوچەڵەمانە تێک بشکێنن و بەسەریاندا زاڵ بن، بۆئەوەی مرۆڤایەتی بتوانێت بگاتە ئامانجە باڵاکانی.

# پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی دووەم


.1 fo sretsaM A.L resoC ,kroY weN ,thguohT lacigoloicoS .31 P ,7791 ,truocraH

.2 .14-04 P ,dbI

.3 fo yhposolihP evitisoP ehT ,6981 ,lleB ;nodnoL ,etmoC tsuguA P ,uaenitraM .H yb detalsnarT ,II-IOV .042

.4 fo sretsaM A.L resoC .51 P ,thguohT lacigoloicoS

.5 .7 P ,dbI

.6 dna erutaN ehT .D ,eladnitraM ,notsoB ,yroehT lacigoloicoS fo sepyT .97 P ,1891 ,oC nilffiM nothguH

.7 .08 P ,dbI

٨. عبد الباقی، زیدان (الدکتور)، التفکیر الإجتماعی: نشأته و تطوره، القاهرة، مطبعة دار نشر الثقافة، ٢٧٩١، ص ٢٩١.

٩. fo yhposolihP evitisoP ehT AugustA tsuguA ,etmoC ,IOV. ١, P ٦.

٠١. تیماشیف، نیقولا، نظریة علم الإجتماع: طبیعتها و تطورها، ترجمة محمود عودة و آخرون، القاهرة، دار المعارف، ٣٨٩١، ص ٥٥.

١١. عبد الباقی، زیدان (الدکتور)، التفکیر الإجتماعی: نشأته و تطوره، ص ٣٩١.

٢١. نفس المصدر السابق، ص ٤٩١.

٣١. الحسن، إحسان محمد (الدكتور)، علم الإجتماع: دراسة تحليلية فى نظريات و النظم الإجتماعية، بغداد، مطبعة التعليم العالى، ٨٨٩١، ص ٦٢١.

٤١. dna erutaN ehT .D ,eladnitraM
sepyT fo lacigoloicoS yroehT ,P ٨٧.

٥١. dbI ,P ٩٧.

٦١. تيماشيف، نيقولا، نظرية علم الإجتماع: طبيعتها و تطورها، ص ٠٥.

٧١. الحسن، إحسان محمد (الدكتور)، علم الإجتماع: دراسة تحليلية فى نظريات و النظم الإجتماعية، ص ١٢١.

٨١. نفس المصدر السابق، ص ٢٢١.

٩١. نفس المصدر السابق، ص ٣٢١.

٠٢. عبد الباقى، زيدان (الدكتور)، التفكير الإجتماعى: نشأته و تطوره، ص ٧٩١.

١٢. resoC A.L sretsaM fo
.5 P ,thguohT lacigoloicoS

.22 ehT evitisoP yhposolihP fo
.642 P ,1 .lOV ,etmoC tsuguA

.32 .742 P ,dbI

.42 .052 P ,dbI

.52 .152 P ,dbI

.62 ehT evitisoP yhposolihP fo
.222 P ,1 .llOV ,etmoC tsuguA

.72 .492 P ,dbI

.82 .182 P ,dbI

.92 .292 P ,dbI

٠٣. عبد الباقى، زيدان (الدكتور)، التفكير

الإجتماعي: نشأته و تطوره، ص ٢٠٨.

١٣. نفس المصدر السابق، ص ٢٠٧.

٢٣. تيماشيف، نيقولا، نظرية علم الإجتماع: طبيعتها و تطورها، ص ٦٥.

.33 fo sretsaM A.L resoC
.7 P ,thguohT lacigoloicoS

.43 .8 P ,dbI

.53 fo yhposolihP evitisoP ehT
.6 P ,1 .lOV ,etmoC tsuguA

.63 fo yhposolihP evitisoP ehT
.622–522 PP ,1 .llOV ,etmoC tsuguA

٧٣. عبد الباقى، زيدان (الدكتور)، التفكير الإجتماعي: نشأته و تطوره، ص ٢٠٥.

٨٣. تيماشيف، نيقولا، نظرية علم الإجتماع: طبيعتها و تطورها، ص ٨٥.

٩٣. نفس المصدر السابق، ص ٩٥.

٠٤. نفس المصدر السابق، ص ٨٥.

.14 fo yhposolihP evitisoP ehT
.572 P ,1 .llOV ,etmoC tsuguA

.24 .282 P ,dbI

**ئەم نامیلکەیە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی**
**بەشی سێیەم و چوارەم، لە پەرتووکی**

روداد الفكر الإجتماعی
تألیف: الدكتور إحسان محمد الحسن.
الطبعة الأولی
مطبعة دار الحكمة
بغداد - ١٩٩١

Pocket Book 102

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سلێمانی 2009